خەڵەف غەفور

# هیچ بڵندی بە ئەو ناگات

سلێمانی
٢٠١٤

**ناوی کتێب:** هیچ بڵندێ بە ئەو ناگات

**دیزانی ناوە و بەرگ:** توانا عومەر

**تایپ:** جوتیار بەهادین حاجی سەفەر

Design by Twana O. Ali

**پێشکەشە بە:**

پێشمەرگە؛ هێمای سەربڵندیی کورد

هەواڵنامەی کتێب

# چیرۆکی ئەم چاوپێکەوتنە

ماوەیەکی زۆر بوو لە هەوڵی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکدا بووم لەگەڵ مامۆستا بەکری حاجی سەفەر، بەڵام چاوپێکەوتنێک کە هەم کاتی زۆری بوویێت و هەمیش زۆر لایەن و قۆناغی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت.

پێشتر ئەزموونی لەم جۆرەم هەبوو، بەلایەنی کەمەوە لە ئەزموونی کاری رۆژنامەوانیم لە دامەزراوەی خەندان و رۆژنامەی ئاسۆ زیاتر لە ٣٠ چاوپێکەوتنی لەو شێوەیەم ئەنجامدابوو لەگەڵ زۆر کەسێتی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری خاوەن قەڵەم.

مامۆستا بەکری حاجی سەفەر هەر بە سروشت پیاوێکی بێدەنگ بوو، کەم لە راگەیاندنەکان دەردەکەوت، وەکو پرسیارم لە هەندێک هاوڕێکانی سەردەمی شاخیشیی کردبوو لەوێش شۆڕشگێڕێکی بە ورە و ئازا و کەم قسە بووە.

چەند جارێک هەوڵمدا و وەدەست نەکەوت، پاشان لەڕێگای دۆست و هاوڕێ و تادەگاتە چنار خانی کچییەوە کە دواتر بەهۆی ئەوەوە چاوپێکەوتنەکە هاتە بەرهەم.

بڕیار بوو ئەم چاوپێکەوتنە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری کولتوور بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بەهۆی هەندێک بۆچوونی راشکاوی لەسەر یەکێتی و کێشە و گیروگرفت و درێژی چاوپێکەوتنەکە و داواکاری مامۆستا بەوەی بە یەک بەش بڵاوبکەینەوە نەتوانرا لەکاتی خۆی دەرفەتی بڵاوکردنەوەی نەبوو.

بەداخەوە مامۆستا بەکر کۆچی دوایی کرد، بۆ یەکەمجاریش

دەرفەتی بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنەکە کەوتەوە سە رووی ماڵپەڕی خەندان، چاوپێکەوتنێک کە پڕ پڕە لە هەست و جوانی و راشکاوی و بەرائەت.

لەم کتێبە لەگەڵ ئەزموونی پیاوێک ئاشنا دەبین کە پڕە لە جوانی و عەشقی نیشتیمان، لێوان لێوە لە وردە و کوردپەروەری، وێستگەیەکی ژیانی نابینیت وچانی دابێت و بەئارامی و دوور لە خەم و ئازار ژیانی کردبێت.

ئەو لەگەڵ سەرمای پێشمەرگە و خەمی دایکانی شەهید ئاوێتە بووە، بست بە بستی ئەم نیشتیمانە هەنگاوی پێشمەرگانەی ئەوی لەسەرە، وەکو خۆی دەڵێت هەرگیز تەسلیمی شکست و بێ ئومێدی نەبووە.

مامۆستا بەکر پیاوێک بووە دوور لە خیانەت و سەرکزیی، ئامانج روون و ورە بەرز و خاکپەرست، ماندوونەناس و ورەبەرز، خاکی وەک خاکی نیشتیمان.

ئەم چاوپێکەوتنە رەنگە کەموکوڕی زۆری هەبێت، بەڵام دەتوانم بەشانازییەوە بڵێم یەکەم چاوپێکەوتنی فراوان و فرە لایەنە، هەروەک زۆر راشکاوانە قسەی کردووە و منیش تەنانەت یەک وشەی وەڵامەکانیم نەپەڕاندووە. دەزانم کەسانێک زویر دەبن هەم لە مامۆستا بەکر و هەم لە منیش، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە راستییەکان لەبەر کەس ناشێوێنین و لەبەر دەستخۆشی کەسیش درۆ ناکەین.

ئەمە مێژووە و پێویستە راستگۆیانە بینووسینەوە.

**خەڵەف غەفور**

٢٠١٤/١١/١٥

- دژی دروستبوونی ئاڵای شۆڕش بووم

هەواڵنامەی کتێب

بەکر حاجی سەفەر سکرتێری پێشووی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوەیدا کە پێش کۆچی دوایی لەگەڵیدا سازکراوە تیشک دەخاتە سەر زۆر لایەنی ژیانی تایبەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی.

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕاشکاوی باس لە ئەزموونی سیاسی خۆی دەکات، لەگەڵ ئەوەی پەشیمان نییە لە شێوازی خەباتی، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی بەکەمتەرخەم و تەکەتولباز دەزانێت و پێیوایە زۆر بێوەفان.

## پێنجوێن: هەمیشە بەهار

بەکری حاجی سەفەر لە شاری پێنجوێنی دڵڕفێن لەدایکبووە، ئەو کە باس لە پێنجوێن دەکات بە ڕۆح دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. لای ئەو پێنجوێن و کوردایەتی ئاوێتەی یەکترن «من ساڵی ١٩٤٢ لە شارۆچکە بەسۆز و فێنک و کوردپەروەرەکەی پێنجوێن لەدایکبووم».

لەبارەی شێوازی پەروەردەکردنی خێزانەکەیانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «پێش ئەوەی من لەدایکبم ئێمەماڵمان لە شلێر بووە لە گوندەکانی دارۆخان، ماسیەر، لەنگەدێ، بەئاژەڵدارییەوە خەریکبوون و سوودیان لێوەرگرتووە لەگەڵ ئەوەشدا کەمێک کشتوکاڵیان کردووە و بە ئیشوکاری تریشەوە خەریکبوون، واتە لەڕووی دارایییەوە زۆر باشبووین. باوکم و مامە حاجی حسێنم (خوای گەورە لێیان خۆشبێت) پێکەوەبوون، دێنە پێنجوێن

بە ماڵەوە، دوکانی کوتاڵ و شەکر و چافرۆشی دادەنێن و خەریکی ئاژەڵداریش دەبن کە لە گوندەکانی شلێر چەند کەسێک بەهاوبەشی ئەو کارەیان بۆ دەکەن. لە پێنجوێن بەرهەمەکانیان زیاتر گەشە دەکەن و دەوڵەمەندتر دەبن و پاشان لەیەکتر جیادەبنەوە هەرکەسە کاسبی بۆ خۆی دەکات».

## باوکم لە دادگای عورفی دادگایی کراوە

لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی خانەوادەکەیانەوە باس لەوە دەکات کە «میوانداریيەکی بەرچاومان هەبووە و تێکەڵاوییمان لەگەڵ خەڵکی ناو پێنجوێن و دەرەوەدا هەبووە. هەمیشە حەزیان لە کوردایەتی کردووە و ئەوەی بۆیان کرابێت خزمەتی ئەو رێبازەیان کردووە و جۆرەها خەڵک هاتووچۆی ماڵی ئێمەیان کردووە کە خوالێخۆشبوو کاکەم پێگەیشتووە چووەتە ناو سیاسەتەوە و بووەتە ئەندامی پارتی و چەند جارێک تووشی کێشە و گرتن و نەفیکردن بووە.

ئەوەش دەگێڕێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی پێنجوێن و بە تۆمەتی بوونی پەیوەندییان لەگەڵ (ژ.ک) لە دادگای عورفی سلێمانی دادگایی کراون «خوالێخۆشبووی باوکیشم لە ناوەڕاستی چلەکاندا لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی لاوی پێنجوێن گیراون و یەکەم (دادگای عورفی) کە هاتووەتە سلێمانی ئەمانی دادگایی کردووە کە ژمارەیان (١٤) کەس بوون بە تۆمەتی ئەوەی (ژ.ک)ن و هاوکاری کۆماری مەهابادیان کردووە. هیچیان لەسەر نەسەلمێندراوە و بەربوون».

## بنەماڵەیەکی کوردپەروەر بووین

کە دەربارەی بنەماڵەکەیان پرسیم لێکرد بەشانازییەوە وتی «کوردپەروەری و خۆشەویستی نیشتیمان هەڵوێستی بنەماڵەکەمان بووە و ئێمەش لەو روانگەیەوە ئەو هەستەمان لا دروستبووە و هەموو کاتێک هاوکارییان کردووین. لەڕووی کۆمەلایەتیشەوە لەگەڵ میوانپەروەری و هاوکاری هەژاران و پەیوەندی فراوان لەگەڵ دەرو دراوسێ و خزم و کەسوکار و رێز و خۆشەویستی هاورێیانمان بە ئەرکی سەرشانمان زانیوە.

باوکم هەر لە سەرەتاوە حەزی لەسواری بووە و هەموو جارێک ئەسپ و مایینی زۆرباشی هەبووە و سوارچاکێکی بەرچاو بووە و حەزی لە چەکی جوان و پاراستنی دەکرد، حەزی لە مەجلیسی خۆش و گۆرەوی بازی و نوکتە و پێکەنین دەکرد و زۆریش دڵتەڕ و جلی جوان بوو هەشت ژنیشی هێناوە».

## قوتابخانە و سەرەتاکانی خوێندن

**کەی چوویتە قوتابخانە؟**

ساڵی (١٩٥٠) لەگەڵ خوالێخۆشبوو بەهادینی برام چووینە قوتابخانە.

یەکەم قوتابخانە و مامۆستات ناوی چی بوو ئەگەر لە بیرت مابێت؟

یەکەم قوتابخانەم ناوی (قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانی پێنجوێن) بوو کە تەنیا ئەو قوتابخانەیە و یەکێکی تری کچانمان

هەبوو. بەڵێ باشم لەبیرە یەک مامۆستا نا چەند مامۆستایەک: بەڕێوەبەرەکەمان خوا لێخۆشبوو (حەسەن رەشید یارە و مامۆستای زمانی عەرەبیمان شێخ مستەفا) بوو ئێستا لە ئەوروپایە حەزی لە ڕاو بوو، خوا لێخۆشبووان: عوسمان سەعید، زەکی کەنعان و بەهنام ئەفەندی و مام نەژاد ئاییینی پێ دەوتین بە ساڵاچوو و تووڕە بوو.

**وتت ئێوە لەڕووی ئابوورییەوە باش بوون؟**

بەڵێ زۆرباشبووین باوکم و براکانی لە دەوڵەمەندەکانی پێنجوێن بوون.

هەواڵنامەی کتێب

- **گۆڤاری گەلاوێژ دەروازەی خوێندنەوەم بوو**

هەواڵنامەی کتێب

# ئاشنابوون بە خوێندنەوە

**کەی و چۆن ئاشنای خوێندنەوە بوویت؟**

لە ساڵی ١٩٥٤ لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، دەمزانی نووسراوی کوردی بخوێنمەوە، خوالێخۆشبووی کاکەم سیاسەتی دەکرد و ژمارەیەک کتێبی هەبوو، هەموو جارێک کتێبەکانم ئەمدیواودیو دەکردن و لێم دەخوێندنەوە و شیعرە کوردییەکانم لەبەر دەکرد و جار جارە کاکەم باشەکانی نیشان دەدام لە ماڵەوە کە میوانمان هەبووایە ناچاریان دەکردم شیعرەکانیان بۆ بخوێنمەوە بە دەنگی بەرز کە زۆرم لەبەر بوو ئێستاش بەشێکیانم هەر لەبیرە، ئەوە بووە یەکەم کاریگەری لەسەرم بۆ حەزکردن لە خوێندنەوە.

**ئەو مامۆستایانە وەکو کێ کە لە مەکتەب هاوکارییان دەکردن بۆ شیعر لەبەرکردن و خوێندنەوە؟**

مامۆستا عوسمان شێخ سەعید و مامۆستا محەمەد عەزیز و مامۆستا حسێن ساڵح و مامۆستا جەمال ساڵح و مامۆستا عیزەت رەشید و مامۆستا عومەر کەریم ئەمانە کاریگەرییان هەبوو و هەڵبەستی کوردی شاعیرە ناودارەکانیان پێ لەبەردەکردین و باسی کوردایەتییان بۆ دەکردین، من بە باشی گوێم بۆ دەگرتن و پرسیارم لێدەکردن ئەوانیش زیاتر هاوکاریان دەکردین.

## یەکەم کتێب ئەگەر بیرت بێت کە خوێندبێتتەوە ناوی چی بوو؟

باشم لە بیرە لەو کتێبانەی لای کاکەم بوون لە ماڵەوە لەوانەوە دەستمپێکرد، گۆڤاری گەلاوێژی بە چەند ژمارەیەکەوە لەناوا بوون، ژمارەیەکیانم هەڵگرت کە بەداخەوە ژمارەکەم لەبیر نەماوە ئەوساکە گوێمان بەوە نەدەدا کە ژمارە چەندە، ئەو ژمارەیەم تا تەواو نەکرد نەمخستەوە شوێنی خۆی، واتە یەکەم کتێبم گۆڤارێکی گەلاوێژ بوو تۆزێ کۆن و بەرگ شێواو بوو، ئەو ژمارەیە هانیدام چەند ژمارەیەکی تر بخوێنمەوە و فێری خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بووم.

## ئەی بۆ خوێندنەوە زیاتر کاریگەری کێت لەسەر بوو؟

کاریگەری بەشێک لەو مامۆستایانەی کە ناویانم نووسی بەتایبەتی ئەوانەی وانەی کوردیان پێدەوتین و هەڵبەستە بزوێنەرەکانیان پێ لەبەردەکردین و دەبووە هۆی هاندانمان بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەکانیان کە لەو بوارەدا شتی تریشمان دەستدەکەوت، هەروەها کاکەیشم دەوری هەبوو، خۆشمان چەند هاوڕێیەک پێکەوەبووین چۆن من کەڵکم لە کاکەم وەرگرتبوو حەمە ئەمین پێنجوێنیش کەڵکی لە خوالێخۆشبوو کاک مەحمودی برای وەرگرتبوو. حسێنی حاجی مەلا حەزی لە شیعر دەکرد و نازناوی (دڵتەڕ) بوو کە نازناوێکی سەیر بوو، چونکە ئێستایشی لەگەڵ بێت بە ئاستەم دڵی نەک تەڕ نەبوو، بەڵکو زۆریش وشک و هەڵقووچاو بوو، هەروەها شەهید (حەمەی وەستا سدیقی ئاسنگەر) دەینووسی و نازناوەکەی ئاشنا بوو، هەروەها ئەحمەدی حاجی محەمەدی قوربانی و

شەوكەتی مەلا مارف و چەند هاوڕێیەكی ترمان كە زۆربەی كاتەكانمان پێكەوەبووین هەموو كاریگەرییمان لەسەر یەكتر هەبوو چیمان دەستبكەوتایە دەمانخوێندەوە و لەناو یەكدا ئالوگۆڕمان پێدەكرد.

**ئەی لەبارەی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارەكانەوە چی؟**

لە وەڵامی پرسیارەكانی تردا ئاماژەم بە سەرەتای پەیداكردنی كتێب كردووە بەرە بەرە زیاتر فێربووم و هەوڵی كتێب پەیداكردنم دەدا، دیارە هەر كتێبی كوردی بوون، كاكەم ١٤،١٥ ژمارەی رۆژنامەی ژینی بۆ دەهات و دابەشی دەكرد و كەڵكیشم لەوە وەرگرت و هەموو ژمارەكانم دەخوێندەوە و لە چەند نووسینمدا ئاماژەم بە هەندێك نووسراوی ئەو سەردەمەی ژین كردووە لە نووسینەكانی بەڕێز كاك مستەفا ساڵح كەریم كە بەشێكی هەبوو بەناوی ئاوێنەی ژیانەوە و لە هەموو ژمارەكاندا دەبوو بیخوێنمەوە و نوسراوێكی خوالێخۆشبوو (حەمەی ڕەشە بەحری) كە لەسەر كارەباكەی پێنجوێن نووسیبووی بەناوی (ئەنجامی پڕۆژەی كارەبای پێنجوێن)ەوە.

هەروەها لە پەنجاكاندا گۆڤارێك لە بەغداد دەردەچوو بەناوی (پەیام)ەوە دەیانوت هیی ئەمریكایە بەخۆڕایی بوو دوو ژمارەم بۆ دەهات و خۆشم داوام نەكردبوو. گۆڤاری هەتاو لە هەولێر خوالێخۆشبوو (گیو موكریانی) دەریدەكرد لە چاپخانەی كوردستان، بابەتی باش و زمانەوانی كوردیەكەی خراپ نەبوو. بەشداریمان لە كڕینیدا هەبوو، گۆڤاری شەفەق-یش كە لە كەركوك دەردەچوو بۆمان دەهات، هەروەها چەند رۆژنامەیەكی كوردی پێش شۆڕشی ١٩٥٨ نەورۆز، بڕوا، پێشكەوتن، دەنگی كورد ئەمانەمان كەم و زۆر هەموو دەبینی.

شیعرەکانی خوالێخۆشبووان کامەران موکری، ساڵح دیلان، نووسینەکانی خوالێخۆشبوو محەڕەم محەمەد ئەمین، جەمال بابان و چەند شاعیر و نووسەری تر هەموو کاریگەرییان هەبوو رایاندەکێشاین بۆ خوێندنەوە و کەڵک وەرگرتن جاری وا هەبوو رۆژانەکانمان کۆدەکردەوە و لەو بوارەدا بەکارمان دەهێنا. هەرچی روومان دەکردە سلێمانی یەکسەر بۆ شەقامی مەولەوی و بۆ سەیرکردنی کتێبەکانی کتێبخانەی گەلاوێژ و زێوەر و شتە تازە کوردییەکانمان دەکڕی.

**تۆ ئەزموونێکی باشی خوێندنەوەت دەستپێکردبوو، لەو ماوەیەدا بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە رۆشنبیرییەکانت دەکرد؟**

ئەو سەردەمی دەستپێکردنەمان لە پێنجوێنەوە بوو، ئەوەیش شوێنێکی دوورە لە سلێمانییەوە،گواستنەوە و ژمارە و جۆری ئۆتۆمبێل وەکو ئێستا نەبوو، لەناو خۆماندا گفتوگۆمان لەسەر بابەتە ئەدەبییەکان دەکرد و لە سلێمانیش لەو ساڵانەدا ئەو چالاکیانە کەمبوون، هەوڵمان دەدا بۆ بینینی دراما شانۆییەکان هەرچەندێک بۆمان لوا بێت بێینە سلێمانی، لەم دواییانەشدا لە شاخەوە رێگەی سلێمانیمان هەر بە شەو و لە دوورەوە دەبینی، لەبەر ئەمانە بێبەشبووین لەو چالاکیانە و تەنیا بۆیان دەگێڕاینەوە.

## • منیش عاشق بووم

هەواڵنامەی کتێب

# گەنجێتی و پێکهێنانی خێزان

**قۆناغی گەنجێتی لەگەڵ کێ بوویت، کام لە هاوڕێکانت زیاتر کاریگەرییان لەسەرت هەبوو؟**

لەو قۆناغەدا لە شوێنێکی تایبەتی و ئارامدا نەبووم، لە ساڵی ١٩٥٨ بەم لاوە لە پێنجوێن، سلێمانی، هەڵەبجە، شلێر، شارباژێڕ، بەغدا، قەرەداغ، دۆڵی جافایەتی، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) سەقز، مەریوان، بانە و سوڕانەوە بەناو شوێنە جیاوازەکاندا بووم. هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هاوڕێیەتیم لەگەڵ کەسدا نەبووبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو بوارەدا زیاتر تێکەڵاوی خەڵک بووم و هاوڕێیەتیم زیاتر بوون.

لە پێنجوێن چەند هاوڕێیەکم هەبوو لەوانە شەهید (حەمەی سدیقی ئاسنگەر) کە لەڕووی بیرکردنەوە و سیاسیشەوە هەر لە منداڵییەوە تێکەڵاویمان هەبووە هەتا شەهیدبوونی، حەمەئەمینی ئەحە شەل (حەمەئەمین پێنجوێنی) شاعیر هەتا ساڵی ١٩٥٨ لەهەموو سەرێکەوە پێکەوە بووین و پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری تریشدا (کۆمەڵەی کاوە)مان دروستکرد و پێکشەوە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانمان لە پێنجوێن ڕێکخستەوە کە لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە ئەو عێراقی و من کوردستانیمان هەڵبژارد، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت هەرگیز هیچ هۆکارێک نەبووەتە هۆی پچڕانی هاوڕێیەتیمان.

لە هەڵەبجەش کۆمەڵێک هاوڕێ بووین لەوانە شەهید خالیدی حاجی فەرەجی کۆکیی نزیکتر و ئالودەتر بووین، خوالێخۆشبوان جەمال جەلال و مامۆستا ئەحمەد عەزیز و مەلا ڕەئوفی دەروێش تۆفیق و وەستا جەلال و شەهید حەمەئەمینی خەجێ لە

حەزی نەدەکرد لەگەڵ مەلا بەختیار بچم قەناعەتم پێکرد من و دلێری سەید مەجید بووین، لە دۆڵی جافایەتی لەگەڵ کاک دلێر بەڕێکەوتین بۆ لای کاک مولازم عومەر لە دەوری مەرگە مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەریش بوو ٢-٣ برادەری ئاڵای شۆڕشیش لەوێ بوون زۆریان لێدەکردم لەگەڵیان بچم بۆ ئێران و سەرپەرشتیان بکەم وتم ئاخر خۆ ئاڵای شۆڕش نیم و زۆرم پێووتن باوانەبێت نە بەگوێی منیان کرد نە مولازم عومەر و شەهید ئازاد هەورامی و کاک مستەفا چاوڕەش و ...... ئەو برادەرە هەر پێی دادەگرت لەگەڵیان برۆم، ئالێرەدا مەبەستم هاوڕێیەتییە کە مەلا بەختیار لە بەندیخانە هەڵهات لە چخماخ ماڵەکەیان پشکنیم کە غەدرێکی گەورە و شوورەیی بوو کەچی ئەو برادەرانە ئێستا بەرانبەرمان و لەم وەزعە نالەبارەی بەسەر تەندروستیماندا هاتووە نەبایان دیوە نە باران، ئەم قسە و باسانە زۆرن و نامەوێ لەوە زیاتر بیانوروژێنم و ئێستاش بەو هەموو تێبینیەمانەوە حەز بە سەرکەوتنیان دەکەم و هیچ مەبەستێکی خراپم نییە تەنیا باس لە چۆنیەتی هاوڕێیەتی و ئەنجامی بەشێکیان دەکەم، بەڕێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان ئاگاداری هەموو ئەم بەسەرهاتانەن قسەمان پێکەوە کردووە و کاک نەوشیروان رووبەڕوو گلەیی لێکردووم.

**هەموو گەنجێک گیرۆدەی خۆشەویستی دەبێت، تۆ تەنیا باسی لایەنی پەیوەندی و سیاسیت بۆ کردم، ئەی لەو بارەیەوە هیچ ئەزموونێکت نەبووە؟**

ئەی چۆن ئەو گیردەبوونە هەروا ئاسان نییە تۆ بۆ ئارامی و گوزەرانێکی ئاسوودەی دواڕۆژی خۆت دەهاویتە ناو ئەو کاروانە

هاوڕێ هەرە نزیکەکان و باوەڕ پێکراوەکانم بوون، کەمالی شێخ حەمەسالّحی هەڵەبجە، مامۆستا غەفور شکور و مامۆستا عومەر مستەفاش هاوڕێی سەردەمی گەنجیم بوون و هەرگیز لەیادیان ناکەم لەناو شۆڕشیشدا هاوڕێیەتی و تێکەڵاویمان لەگەڵ زۆر لە برادەرانی پلە جیاوازەکان هەبووە  کە وەزعە سیاسییەکە و جۆری بیرکردنەوە و لەیەک دابڕان و جیابوونەوە و لێپرسراویەتی و دەستەڵاتەکان چۆنیەتی ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوییەی گۆڕیوە.

هەستم بەوە کردووە کاک مولازم عومەر لە هەموو ناڕەحەتی و ئەو گیروگرفتانەدا کە رووبەڕووم بوونەتەوە هەمیشە بەدەممەوە بووە و لەڕووی نەفسییەوە هاوکاری کردووم و رەنگە لێرە و لەوێ گلەییم لە هەندێ برادەری بێدەربەست کردبێ کە زووتر زۆر تێکەڵاوبووین و ئێستا کەمتەرخەمی ئەو بوارە بە ئاشکرا دیارە.

حەز دەکەم کەمێک درێژە بەم پرسیارەتان بدەم و نموونەتان بدەمێ.

لەناو (ی.ن.ک)دا ناکۆکی زۆر بوو ئەگەر ناکۆکییەک چارەسەرکرابێت ناکۆکی تر سەریهەڵداوە. من هەرگیز حەزم بەو ناکۆکیانە نەکردووە و پەیوەندی و هاوکارییەکانی خۆمم لەگەڵ هیچ لایەکدا نەبڕیوە و راشکاوانە هەڵوێستی خۆم دەربڕیوە کە ئاڵای شۆڕش جیابوونەوە زۆرم پێناخۆشبوو، هەوڵمان زۆردا لەگەڵ هەردوولا وانەکەن کەچی هەرکرا. لەگەڵ برادەرانی ئاڵای شۆڕش پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتیمان زۆر بەهێز بوو، کە مەلا بەختیار گیرا چەند رۆژێک بەجێمنەهێشت و پێکەوە بووین، جەنابی مام جەلال بە جیهازەکەی کاک سامان گەرمیانی کە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی یەک بوو قسەی لەگەڵ کردم بچم بۆ سەرکردایەتی وتم بەسەرچاو بەڕێوەم

دڵتەزێنەی ژیانەوە کەچی زۆرجار ئەنجامی بەپێچەوانەوە ڕەنگ دەداتەوە.

خۆشەویستی زۆرجار جڵەو دەپچڕێنێ و گێڕانەوەی ئەستەمە، بەڵام پێویستی بە بیرکردنەوە و خۆڕاگری و پاراستنی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە.

من لەو ئەزموونەدا سوودم وەرگرت و ئەنجامەکەی خوالێخۆشبوو (کافە)ی لێکەوتەوە کە هەتا ڕۆژانی سەرەمەرگی هاوکار و پشتیوانێکی مەزنم بوو، ئەو لە خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتن و پەروەردەی منداڵەکان و ڕێزی کەسوکار و برادەران و بەسەربردنی ژیانی تاڵ و کوێرەوەرییەکاندا، لە نهێنی پاراستن و زیندان و شاخدا سەری بەرزدەکردینەوە و بێ خەمی دەکردین.

## لەو جەنجاڵییانەی ژیانتدا چۆن بڕیاری هاوسەرگیریتدا؟

ساڵی ١٩٦٤ ئەو دووبەرەکی و ناکۆکیەی لەناو شۆڕشدا دروستبوو هەموومانی تەزاند، من چەند ڕۆژێک بوو کرابوومە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن، لەجیاتی نمایش و خۆ گیف کردنەوە لە بەندیخانە خۆم بینییەوە و ئەوەی دوو ڕۆژ لەوە و پێش زیندانی بوو ئیفادەی لێ وەردەگرتین، ڕەوشێکی تەواو ناخۆش و بێزارکەر بوو، ئەمڕۆ دەگیراین و سبەینێ بەر دەدراین، لە ماڵەوە زۆر لەگەڵم خەریکبوون ژن بهێنم، چەند جارێک خۆم دزییەوە، بەڵام دوایی ڕازی بووم و لە ٣١ ی ئابی ١٩٦٤ دا کافەمان گواستەوە، لە ماڵی ئێمە شایی بوو کەچی گرتمیان و بەهۆی خولێخۆشبوو عەقید نوری مەلا مارفەوە بەردرام، شەو کافە پێیووتم

دەزانم وەزعت وایە من رازیم گوێمەدەرێ خوا گەورەیە، ئێمە هەردوولامان لە گەڕەکی (بەریکەناو )بووین ماڵەکانمان بەرانبەر و یەکترمان دەناسی پێشتر هەموو شتێکمان بڕیبووە و هەموو جارێک باسی ئەو سەرەتایەمان دەکرد و چێژی خۆشمان لێدەبینی.

**واتە خێزانەکەت رێگر نەبووە لە کاری سیاسیت و خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەکردبوو؟**

یەکەم رۆژ کە خێزانەکەم (کافەی حاجی محەمەدی رەسوڵ) گواستەوە گیرام و بەردرام لە هەموو روویەکەوە کافە و منداڵەکان هاوکارم بوون و کێشەیان بۆ دروست نەکردووم، لە رۆژانی دووبەرەکیدا نهێنی بۆ دەپاراستم، کاتی کۆبوونەوە پاسەوانی دەکرد و بەوریاییەوە ئاگای لە رێ و بانەکە بوو، کە لە پێنجوێن حجز کرا من لە بەکرەجۆ بووم بە ورە و بێکێشە رۆژگاری دەبردەسەر، دوای شکستی شۆڕش ئاگاداری رێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو و زیرەکانە بەتەنگ نهێنییەکانەوە بوو، دوو جار لە سلێمانییەوە بەیاننامەی بۆ گەیاندینە پێنجوێن، رەنگە یەکێک بووبێت لەو ژنانەی تەمەنی زیندانیکردنی لە چوار ساڵ تێپەڕاندبێ، دوای زیندانیش کە هاتنە دەرەوە پێشمەرگە و خەڵکی ئەو گوندانەی گوزەرانمان تێدا دەکرد دەزانن چۆن هەڵئەسوڕان، هەرگیز وەکو خێزانی لێپرسراو نەدەجولانەوە و لە ئاوارەیی و دوای ئەنفالیشدا لە سەقز بوونە جێگەی رەزامەندی میوان و بریندار و بەدەنگەوە هاتن و خۆڕاگری، دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ یش کە گەڕانەوە هەروەکو پێشمەرگەکەی جاران هەڵسوکەوتیان دەکرد و خوێندنی منداڵەکانیش بەر ئەو گێژاوە کەوت. ئەی ئەگەر ئەمە هاوکاری و پشت و پەنایەتی نەبێت چییە؟!

**خێزانەکەت بەهۆی تۆوە گیران لەلایەن حکومەتەوە، ئەو بەرسەرهاتە چۆنە و چۆن ئاگادارکرایتەوە؟**

بەڵێ ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕش دەستیپێکرد و هاتمە دەرەوە یەکەم کەسبووم، ئەوانیش یەکەم خێزان بوون کە گیران بە باوک و برامەوە بەمشێوەیە: خوالێخۆشبوو حاجی سەفەری (باوکم)، ڕێبوار و بەرزانی برام، کافەی خێزانم و ئەریڤان و کۆساری کوڕ و کچم. پاش ماوەیەک لەبەر نەخۆشی باوکم بەردرا و ئەوانیشیان نارد بۆ ناسریە و دەوروبەری تا ساڵی ١٩٧٨ بە لێبوردنێکی گشتی بەردران.

جارێکی تر لە ڕاپەڕینەکانی تەمووزی ١٩٨٠ گیرانەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە ژن و پیاو، ئەوان دوای ماوەیەک هەموو بەردران ئەوەی مانەوە کافە و ڕێبوار و بەرزانی برام و حامیدی حەمەی خواکەرەم بوون، ڕێبوار ڕۆژانی ژن گواستنەوەی لە زیندان بەسەر برد و نێردرانە هەیئەی کەرکوک و ئاسایشی گشتی بەغداد و هەتا مانگی چواری ١٩٨٢ مانەوە و بە لێبوردنێکی گشتی بەردران و یەکسەر هاتنە دەرەوە و خوێندنیان فەوتا.

**سەرەڕای ئەو دەردەسەریانە کەچی منداڵەکانیشت هەر خولیاری سیاسەتن، تۆ بەتەنیا هۆکاری ئەمەیت؟**

ئەوی ڕاستی بێت ئەم منداڵانە لەناو کۆڕی سیاسەت و کوردایەتیدا پەروەردە کراون و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵیدا هەڵیانکردووە، چنار ئێستا ئەندامی کارگێڕی مەڵبەندی یەکە، ئەرسەلان لە سویدە و گیرۆدەی ئەو گوێچکانەیەتی کە کاتی خۆی عەقید زاحی لە پێنجوێن ئازاری پێگەیاند، ئەریڤان و هەژان لەماڵەوەن و بێکارن لەبەرچاویانە هاوڕێکانیان و کەسانی

ناحەقیش وەزعیان باشە، بەڕێز مام جەلال لەم دواییەدا بانگی کردبوون کە لێیان بپرسێتەوە و لەوە زیاتر غەدریان لێنەکرێت بە داخەوە وەزعی مام جەلال سەدان کێشەی وای پەکخست، ئەم هەموو جیاوازی و لێنەپرسینەوە و تاقم بازییە وای لێکردوون دڵتەنگ و خۆ بە غەریب و هیچ نەکردە دەزانن. هیوادارم ئەم ئسلوبە هەر ئێمەی گرتبێتەوە و تەشەنەی نەکردبێت، ئێمە قەیناکات کوردایەتی بە تاپۆکراوی کەس نازانین.

## وەکو باوک یان پێشمەرگەیەک سەیرت دەکەن؟

بۆ هەرکەس باوک بوو پێشمەرگە نییە، یان پێشمەرگە نابێتە باوک؟ ئەوان هەموو پێشمەرگە بوون و لەگەڵیان هەستاون و دانیشتوون و دەزانن پێشمەرگە لەسەر ئەم خاکە فیداکاری دەکات لەبەر ئەوە پێشمەرگەیان خۆش دەوێت، منیش باوکیانم و خۆشەویستی و ڕێزی نێوانمان پێویستە و زیاتریش دەبێت و پێشمەرگەشم بۆیە زیاتر لە باوکایەتی خۆشیاندەوێم، لەبەر ئەمانە وەکو باوکێکی پڕ لە هەستی پێشمەرگانە سەیرم دەکەن.

## یەکێک لە منداڵەکانت لە زیندان لەدایک بووە، چۆن بوو ئەوان گیران و سەرگوزشتەکەی چۆنە؟

کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا شۆڕشی نوێ دەستیپێکردەوە من لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و (ی.ن.ک) بووم لە پێنجوێن و وەزعمان زۆر باشبوو و ڕێکخستنەکانمان لە گەشەکردندا بوون و کەسانی وریا و خوێندەوار و ڕێکوپێکمان خستبووەگەڕ ، کە ڕۆشتمە دەرەوە فریای ئەوە نەکەوتم منداڵەکان ببینم و یەکسەر کە ئەمنەکانمان بینی ٢-٣ جار بەو ناوەدا هاتوچۆیان دەکرد

خوالێخشبوو بەهادینی برام وتی بەکر ئەمانە بە دوای تۆدا دێن و دەچن بە زووترین کات فریای خۆت بکەوە، بەبێ ئەوەی رێکخستن و کەسوکار ئاگادار بکەمەوە یەکسەر رێگەم گرتەبەر و رۆیشتم تەنیا بەهادینم راسپارد بۆ لای خوالێخۆشبوو جەمال جەلال کە جێگرم بوو و هەواڵم بۆ ناردبوو کە ئەوا رۆیشتمە دەرەوە ئاگاداربن و مەجالی هیچم نییە دواتر نامەم بۆ ناردن کەچی بکەن و چۆن پەیوەندی لەگەڵ سلێمانی دروستبکەن، من بۆ سبەینێ پێش نیوەڕۆ بە پێشمەرگە گەیشتم لە شێخەڵمارێن و شەهید عەلی عەسکەری وتی ئەمشەو باسمان کردوویت و ناویاننام (سەردار)کە ئەو ناوە بۆ من سەری نەگرت و هەر بەکرەکەم بۆ مایەوە، بەعسییەکان دەستیانکرد بە کەسوکاری پێشمەرگە گرتن لەپێشووە ئەوانەی لە کەسوکارم گیراون باسمکردوون، دەیانبەنە ناسریە و جیایان دەکەنەوە، ئەوکاتە کافەی خێزانم کە دوو گیان بوو کچێکی دەبێت، جوابیان بۆ ناردم و لەگەڵ شەهید ئارام و شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان (مولازم سەلام) ناومان نا (تانیا) و ئاگادارمان کردنەوە. لە پرسیارەکەدا بەسەرسوڕمانەوە دەپرسن ئەمە چۆن روویداوە؟!

خۆ هەر تانیا نەبوو لە ساڵی ۱۹۸۰ شدا لە زیندانی کەرکوک (هێژا)ش لە دایک بوو بەم شێوەیە: ئێمە لە دەوری مەریوان بووین ئێوارەیەک شەهید شێخ حسێنە سوور هات بە شوێنمدا وتی خێزانت هاتووە بۆلات لە مەریوانە، لەگەڵ برادەران قسەمکرد و چووم بۆ مەریوان لە ماڵی خوالێخۆشبوو (عوسمان حەمەی میرزا فەتاح) چاوەڕوانی دەکردم لە دەسپێکردنی شۆڕشەوە ئەوە یەکەم جار بوو کافە ببینم تانیاشی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە لە ناسریە هاتبووە دنیاوە، دیارە زۆرم پێخۆشبوو ئەمن

ناردبوویان کە من بباتەوە پێموت خۆزگە هەموو منداڵەکانت دەهێنا وتی ڕێگەیان نەدام تانیام نەدیبوو تا ئەو کاتە، لام وایە ٣-٤ ڕۆژ مایەوە و ڕۆیشتەوە ئەم سەردانە لە مانگی یەکی ١٩٨٠ بۆمان ڕێککەوت لە راپەڕینەکانی تەموزی (١٩٨٠) کافە لەگەڵ ڕێبوار و بەرزانی برام گیرانەوە ناردیاننە (هەیئەی کەرکوک) لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا هەر لەو زیندانەدا هێژاش لەدایکبوو، لە مانگی نیسانی ١٩٨٢ دا کە بە لێبووردنی گشتی ئازادکران ئیتر نەوەستان و هەموو هاتنە دەرەوە و پاش شەش ساڵ بە منداڵەکان و دایکیان شادبوومەوە و لە پارێزان هەوڵماندا و پێشمەرگانە بردمانە سەر و هەر لە پارێزان تانیا شەهید بوو، ئێستا هێژای هەیئەی کەرکوک لەگەڵمانە و دەڵێ کەرکوکیم.

هەواڵنامەی کتێب

**ئەو کاتەی لە شاخ بوویت شیعرێکت بۆ کچەکەت نووسیوە و ئێستاش چاپکراوە، تۆ پیاوێکی سیاسی و پارتیزان بوویت بەچی هۆکارێک ئەو شیعرەت نووسی، بیرتکرد یان چیرۆکێکی تری هەیە؟**

ئەو شیعرەم راستە بەناوی هەوارەوە کە منداڵی گەورەمە نووسیوە و بینینی منداڵی ژێر دەوارەکە کە سەرە تاتکێی لەگەڵ دەکردم کاریگەری دەروونی لەسەرم هەبوو، بەڵام مەبەستێکی گشتگیر و بۆ وروژانێکی ئاشکرا لە ناخەوە دەیکوڵاندم و هەستی دەروونیم دەبڕیوە، من حەزم دەکرد نامیلکەکە ناوی (هەستێکی وروژێنەر) بێت، بەڵام برای خۆشەویستم کاک حەمە سعیدی مەلا حەمە کەریم کە زانیاری لەسەر نووسین و شیعر هەیە (پەیامێکی شۆڕشگێڕانە)ی پێباشتربوو، ئەو لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا چاوی پڕ

و ئینگلیزی و دەمکوژاندەوە وێنەی چەند شاخێک و دەمکوژاندەوە، ئیتر هاتمە سەر نووسینی ئەم شیعرە دێرێکم دەنووسی و دەمکوژاندەوە، شەهید حاجی چاوشینم بانگکرد کە ئەو کاتە سەرپەرشتی مەفرەزەکەمی دەکرد پێشمەرگەیەکی وریا و گورج و گۆڵ و لێهاتوو بوو پێموت بەم نووسراو و نووسینانەوە خەریکم پێشمەرگەکان با بچنە ئەو بن دارانەی ترەوە و پشوویەک بدەن و ئاگاداریش بن.

دەستمکرد بە نووسینی ئەو شیعرە و لە پشتی بەرگەکە و ناو پەڕەکانی، ئەو سەردەمە ئەو پەیامە بە نووسین و بە تەسجیلکراوی بڵاوبوویەوەە و رێکخستنەکانی پێنجوێن و کەسوکار و خەڵکی تریش گرتبوویانە خۆ و سەرنجی رادەکێشان، بەشێکی پێشمەرگەکان لەبەریان کردبوو، رۆژگار هاتووچو نووسینەکە فەوتا، پێشمەرگەکان دەیانوتەوە و بەتەواوی پێیان تەواو نەدەکرا و خۆم و ماڵ و منداڵیش هەموویمان لەبەر نەبوو، پچڕ پچڕ دەمانوتەوە، رۆژێک سەردانی (پورە مینا)ی حاجی مامەندم کرد نەخۆشبوو، پورە مینا ژنێکی دڵسۆز و بەدەنگمانەوە دەهات، باسی کۆنمان دەکرد وتی بەکر گیان شیعرەکەتم لەلایە و کە بێتاقەت دەبم گوێی لێدەگرم، سەرم سوڕما چۆن پاراستوویەتی داوامکرد وتی بەسەرچاو بۆ سبەینێ کاک خالیدی کوڕی بۆی هێنام هەرچەندە تەواو نەبوو، بەڵام بەشێکی هەرە زۆری بوو، هەموو دڵمان خۆشبوو. خوالێخۆشبووی خێزانم هەمیشە یادی دەکردەوە و حەزی دەکرد چاپی بکەین کاک حەمە سەعید پێی لەسەر چاپکردنی دادەگرت ناتەواوییەکانی تەواوکراو چاپمان کرد،

دەبوو لە فرمێسک و قورگی دەگیراو خۆیشی پێوە ماندووکرد و هەڵسەنگاندنێکی کوردپەروەرانەی بۆ نووسیوە.

شیعرەکەم ئاوا بۆ هات: رۆژی ۱۹۷۷/۹/۳ رێمان کەوتە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی عەلی قەویلەیی کە ناسیاومان بوو زۆرجار ئاژەڵداری بۆ دەکردین و لەگەڵ باوکم سوودمەند دەبوون، ئەوان بۆ ئاژەڵداری هاتبوونە شلێر و ناوخوان و ئەو سەردەمانە جاف و غەوارە بۆ ئاژەڵداری ساڵانە گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. ئەو رۆژە مەفرەزەکەی ئێمە تەنیا بووین و لە مەفرەزەکانی ترمان و بە ئیشێکی تایبەت جیابووینەوە کە ئەوە لەلامان کارێکی دروست بوو، جار جار بۆ کاری تایبەت لە یەکتر دادەبڕاین، لە دەراوی گوندی شێرە ماڵی حاجی عەلی هەڵیاندا بوو، نیوەڕۆ نانێکی باشمان خوارد و ژێر دەوارەکە گەرم بوو چووینە ژێر دار بەڕوویەکی گەورە کە سێبەرێکی باشی هەبوو ۱۰-۱۵ مەتر لە دەوارەکەوە دوور بوو سەیری پەرتوکێکم دەکرد کە لەسەر (جیڤارا) نووسرابوو جار جار سەرم هەڵدەبڕی لە کەناری چیغی دەوارەکەوە منداڵێکی چاوشینی قژ کاڵ سەرە تاتکێی لەگەڵ دەکردم و بانگم دەکرد شەرمی دەکرد و نەدەهات هەرچی سەیرم دەکرد لە هەواری کچم دەچوو، ئیتر هەوار و دایکی و منداڵەکانی تر و براکانم هاتەوە بیر کە بەشێکیان لە زینداندا توند کرابوون و بەشەکەی تریشیان دابەشکرابوون بەسەر کەسوکاردا، کتێبەکەم دانا و دەفتەرێکی دە لاپەڕەییم لە جانتا بچوکەکەم دەرهێنا و وێنەی منداڵەکەم لە بەرگەکەیدا دەکرد و دەمکوژاندەوە، کوردستان یان نەمانم دەنووسی بە عەرەبی و کوردی

بەڵام بە داخەوە فریای کافە نەکەوت. ئا بەم شێوەیە ئەم شیعری کلاسیکییە هاتەبوون، ئەو سەردەمە بیرو بۆچوونمان وەکو ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بوو حەزمکرد وەکو خۆی بەبێ دەستکاری بڵاوبکرێتەوە.

**بەشداریکردنت لە شۆڕش گرفتی جۆراوجۆری بۆ خێزانەکەتان دروستکردبوو، ئەوە تەنیا بەهۆی بەتەنیا بەهۆی جەنابتەوە بوو یان ئەوانیش بەشداری کرداری شۆڕش بوون؟**

پێش ئەوەی شۆڕشی نوێ دەستپێبکات باوکم و کاکەم و کەسوکار زۆریان پێدەوتم ئاگاداری خۆم بم، چونکە ئەم بەعسیانە زۆر دڕندەن، پێش چوونە دەرەوەم ماوەیەک خۆم شاردەوە ئیتر ئەوان تەواو دڵنیابوون کە خەریکی شتێکم، هەر کە چوومە دەرەوە بەعسییەکان کەوتنە گێچەڵکردن بە خێزانەکەمان و پاش چەند رۆژێک دەستیانکرد بە گرتنیان و باوکم بە نەخۆشی گیرا، رێبوار و بەرزانی برام گیران، کافەی خێزانم و ئەریڤانی کوڕم و کۆساری کچم گیران، باوکم لەبەر تەمەن و نەخۆشیەکەی بەردرا ئەوانیشیان لەگەڵ ئەو هەموو کەسوکارەی پێشمەرگە رەوانەی ناسریە و شوێنەکانی تری خوارووی عێراق کران و کافە لە ناسریە تانیای بوو منداڵەکانی ترمان (هەوار، ئەرسەلان، نیگار، چنار) دابەشبوون بەسەر ماڵەکانی کەسوکاردا. هەمیشە لەلایەنەکانی دەسەڵاتەوە چاودێری دەکران و شەڕی دەرونیان لەگەڵ دەکردن، لە کۆتایی ساڵی حەفتا و نۆدا واتە لە ١٩٧٩/١٢/٣ دا کاکەم و برازنم (محەمەد حاجی سەفەر و مریەم فەتحوڵلا)ی خێزانی دەچنە سلێمانی و لە گەڕانەوەیاندا لەبەردەم گوندی گرێزەدا ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لێیان دەدا

و هەر لەوێدا هەردووکیان و ٣ کەسی تری پێنجوێنی گیانیان دەردەچێت و کارەساتێکی ناخۆش و جەرگبڕ بوو، برادەران نەیاندەهێشت من بزانم.

شەوێک چووینە دۆڵەسوور دەپەڕینەوە بۆ سورێن هەر لەو مانگەدا کامەرانی برای خوالێخۆشبوو فەرەیدونی حەمە ساڵح دێتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی ئێمە نابینێت تووشی شەهید تایەری حاجی عەزیز دەبێت کە یەکێک بوو لە قارەمانەکانمان و بەدەستی دز و پیاوخراپ شەهید کرا، لەگەڵ خۆی دەیهێڵێتەوە تا پێمان دەگەن، جارێک دەچنە گوندی (سەیرانبەن)ی بانە لەسەر سنوورەکە (چریک) دێنە سەریان و بە برینداری دەیگرن و تەسلیمی عێراقی دەکەنەوە کە ئەوانە لەسێدارە دەدران.

دۆڵەسووری پەیوەندی کۆنیان لەگەڵ کاک فەرەیدون هەبوو بەو کارەیان زانیبوو ئێمە خەمی ئەوەمان بوو پێی بڵێین، منیش بۆ کارەساتەکەی کاکەم و ئەوان نەمزانیبوو برادەران خەمی ئەوەیان بوو سەرخۆشیم لێبکەن هەموو خەڵکەکە تێگەینرابوون بە هیچمان نەڵێن. چووینە سورێن پاش دوو ڕۆژ گەڕاینەوە بەرەو شاربازێڕ کاکە حەمەی حاجی سابیر کە کادرێکی کۆن و حساب بۆکراو بوو ئیشێکی بۆ هاتبووە پێش و لێمان جیابووەوە، ئێمە گەیشتینە گوندی ڕەزڵە بەیانی کە هەستاین پیکابێک لە پاڕێزانەوە ترێی هێنابوو بیبات بۆ سلێمانی ناردمان سندوقێکمان لێکڕین، خەریکی شۆردنەوەی ترێکە بووین کاکە حەمەی حاجی سابیر نامەیەکی بۆ ناردبووم سەرەخۆشی کۆچی دوایی کاکەم و براژنمی لێدەکردم، جۆش دامام، کاک فەرەیدونم بانگکرد لێم پرسی ئەمە چییە و بۆ پێتان نەوتووم ئەویش دۆشداماو نەیدەزانی چی بڵێت، شەهید غەفور دەرەشیشیمان

لەگەڵ بوو وتی چیت پێ بڵێین راستە و هەموویان تیاچوون، پێشمەرگەکان هەموو غەمبار بوون و دەستیان بۆ ترێکە نەدەبرد، ئەوە هەواڵێک بوو ئەوەندە ناخۆش و دڵتەزێن بوو کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، بەڵام چی بکەین چارە نییە و دەبێت دان بەخۆدابگرین، وتم ئەو ترێ خراپ دەبێت بۆ نایخۆن، لەبەر ئەوان من خۆم چوومە لای ترێکە و چەند دەنکێکم وەکو زەهر خوارد، من ئاوا زانیم و هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕیبوو کەچی دەزگا جاسوسییەکانی پێنجوێن مژدەیان بەیەکتر دابوو کە لەم شەوانەدا یان بەکر دەکوژین یان دەیگرین، چونکە هەموو دنیا هەستێت بەکر دێتەوە بۆ پرسەی برا و براژنەکەی، شەوانە ئەو گەڕەکە بەتایبەتی ماڵەکانی ئێمەیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە و زۆربەی خەڵکی پێنجوێن دەترسان شەو پێوەبیم و منیش هەر نەمزانیبوو.

بۆ بەیانی کاک فەرەیدونمان بانگکرد و هاتنە دەرەوە و گیرانی کامەرانمان لەلایەن ئێرانەوە و تەسلیمکردنەوەی بە عێراقمان پێوت و زۆر غەمبار بوو، بەڵام دانی بەخۆدا گرت و وتی لە کاکەت ئازیزتر نییە و چارە نییە.

جار جار عەقید زاحی و مولازم ئەکرەمی هەواڵگری بە دەبابەوە هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵمان و ئیهانەیان دەکردن.

مولازم ئەکرەم چاودێری باوکمی دەکرد کە دەچوو بۆ سلێمانی یان دەگەڕایەوە لە ناڵپارێز دەیوەستاندن و نیو سەعات باوکمیان گل دەدایەوە و ئیزنیان دەدا هەر بۆ ئیهانەکردن.

جارێک باوکم پێیان دەڵێت قیروسیا ئاوا لە من دەکەن من گل بدەنەوە ئەوانەی ناو ئۆتۆمبێلەکە ئیزن بدەن ئیشوکاریان هەیە وتبوویان نا ئەوە ناکەین با ئەوانیش رقیان لێت هەڵسێت.

منداڵەکانمان بێجگە لە هێژا کە لەدوای ڕاپەڕین تەمەنەکەی گونجاو بوو ئەوانی تر هەموو خوێندنیان لەکیسچوو، بەڵام لەڕووی سیاسی و گۆڕانکارییەکانەوە سەرنج دەدەن و بێ ئاگانین و لە تەنگانە و کارەساتەکاندا هاوکارمن و بە باشی هەست بە لێپرسراوێتی دەکەن، دژوارییەکانی ژیانیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و چۆنیەتی بەسەربردنی ڕایهێناون، هەست بەو هەموو نالەباری و جیاوازییە ئاشکرایانەی ڕۆژانەی ڕەوشەکە دەکەن و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەهەند هەڵدەگرن و دەیانخەنە پێش هەموو شتێکەوە.

- سیاسەتمەدار بەمیراتی
دروست نابێت

# سیاسەت و بەشداری سیاسی

هەندێک باست لە رۆحی کوردایەتی لای خانەوادەکەت کرد، دەمەوێت بپرسمەوە کە ئایا خانەوادەکەتان هیچ سەروکارییەکی لەگەڵ سیاسەت هەبووە یان تەنیا هەستکردنێکی ئاسایی بووە؟

هەرچەندە سیاسەتکردن و بیرکردنەوە بەو مانایە نییە کە لە باو و باپیرانەوە وەکو ئەو رژێمانەی پاشایەتی بەجێمابێ، سیاسەتمەدار هەڵدەکەوێت کە لە خانەوادەکەیدا سیاسەت نەکراوە، خانەوادەی واش هەیە زۆربەیان بە سیاسەتەوە خەریکن کەچی کەسی واشیان هەیە بەئەستەم توخنی سیاسەت ناکەوێت.

لە خانەوادەی ئێمەدا باوکم لە ناوەڕاستی چلەکاندا لەگەڵ چواردە کەسی تری پێنجوێندا یەکەم دەستە بوون کە دادگای عورفیان بۆ هاتە سلێمانی و لەسەر پەیوەندی بە (ژ.ک) و کۆماری مەهابادەوە لەو دادگا سەربازییە ترسناکەدا دادگایی کران و هیچیان لەسەر نەسەلمێنراو و بەردران، کاکەم لە سەرەتای پەنجاکانەوە لە پارتیدا ئیشی دەکرد و خۆی بۆ ماندوو دەکرد، دەگیراو و بەر دەبوو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی پێنجوێنی دوور دەخرانەوە.

ئالێرەدا بەسەرهاتێکی پێکەنیناوی دەگێڕمەوە: جارێک کاکەم گیرا بەڕێوەبەری ناحیە و دادوەر و پۆلیس هاتنماڵەکەیان پشکنی هەموو دۆلاب و جانتا و بوخچەکانیان دەکردەوە، دیارە بۆ بەیان و شت دەگەڕان کچێکی گەڕەکەکەیان هێنابوو (مەحسومی فاتە پۆلیس) کە زۆر هەژار و ناشرین و بێکێشە بوون بۆ ئەوەی ئەو سەیری جلوبەرگە ژنانەکان بکات، پۆلیسێک پریاسکەیەکی بینی ویستی هەڵیبپچڕێت خوالێخۆشبوو بەهادینی برام وتی مەیکەرەوە

ئەوەک ملی براوی تێدا بێت هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و وتمان ئەی بۆچی هاتوون، پۆلیسەکە و کاربەدەستەکانیش هەموو پێکەنین و کۆتاییان بە ئەرکەکەیان هێنا و رۆشتن.

شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملوو بە نهێنی لەناو پیکابدا و لەناو چەند فەردە سڵقدا گەێنراوەتە ماڵی ئێمە و بەپێ گەێنراوەتە بانە، چەندجار ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی)، شەهید قادر شەریف و شەهید فایەقی معینی لە ماڵی ئێمەوە هاتوچۆیان کردووە، من یەکەم وشەی مارکسییزم و لینینیزم لە شەهید فایەقی معینی بیستووە کە ئێمە هەر (مارکسی لینینی)مان بەکاردەهێنا.

دەوروبەرەکەشمان ئەوانەی لە ئێمە گەورەتر بوون، لاوەکانی ئەو رۆژانەی پێنجوێن سیاسەتکردن و کوردایەتیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی و کاریگەرییان هەبوو لەسەرمان. زۆریش شەوانە کۆ دەبوونەوە دوای قسەی خۆش بەسەرهاتەکانی دەورانی کۆماری مەهاباد، بانە و سەقز و حەمە رەشید خانیان دەکرد و بە دیقەتەوە گوێمان دەگرت و سەرنجی قسەکانیانمان دەدا، مەحمود غوڵام (مامە خولە)ش لەناو پارتیدا بوو ناوبراو مامەوە و ئێستا حاجییە، کەوابوو من ئەو کاریگەرییانە و هاوتەمەنەکانیشم پێکەوە گەیاندینیانە ئەو بڕوایەی کە هەوڵ بدەین و سیاسەت بکەین.

**ئەو کاتەی دەستت بە خوێندنەوە کرد ئاشنای چ جۆرە بیرێکی سیاسی بوویت، بەتایبەت ئەو سەردەمانە چەپڕەوی رەواجێکی باشی هەبوو؟**

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە لە گۆڤاری گەلاوێژ و چەند کتێبێکی تری کوردییەوە دەستم بە خوێندنەوە

کرد، حەزمدەکرد شارەزای مێژووی کورد و شۆڕشەکانی بم، کۆمەڵێک هاوتەمەن بووین هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی بووین و عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارنەهێنین، بە هیچ جۆرێک ئاغا و دەرەبەگمان خۆشنەدەویست ئەمەیان زۆر گرانبوو بۆ من، چونکە باوکم و مامەکانم هەموو پەیوەندی و دۆستایەتیان لەگەڵ ئاغاکان هەبوو، شەوانە نۆکەر و پیاوەکانیان باسی چەتەیی و راو و رووتیان دەگێڕایەوە، منیش بۆ بەیانییەکەی بۆ هاورێکانم دەگێڕایەوە و ئەوەندەی تر تیژ دەبووین بەرانبەریان، زوڵم و زۆر و هەستان و دانیشتنی سەرکارەکانیان و خەرمان هەڵگرتن و نیو بەنیوی توتن و بێگار و شیربایی تا دەهات دژایەتیمانی تۆختر دەکردەوە، ئەوەی راستی بێت لەو سەرەتایەدا شارەزای چەپ و راست نەبووین، بەڵام بۆچوونەکان و هەڵسوکەوتمان لەو بوارەدا بوو، زۆربەی خەڵکی پێنجوێن سۆفی و دەروێش (نەقشبەندی و قادری) بوون و ئێمە دژایەتیمان دەکردن، کرێکار و هەژارمان خۆشدەویست و داوای دادپەروەریمان دەکرد.

لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووز کە زیاتر کراینەوە و حزبەکان ئاشکرا بوون بووینە ئەندامی پارتیش خۆمان بە چەپ دەزانی و دڵمان بەو بڕیارانەی کۆنگرە خۆشبوو کە کەڵک لە زانستی مارکسی لینینی وەردەگرین و لەئەنجامدا ئەو بۆچوون و دەردیسەری و دژایەتییە لەناو پارتیدا سەرکەوتوو نەبوو و کۆمەڵەی لێکەوتەوە، لە پێنجوێن و هەڵەبجە و سلێمانی لە ریزەکانی پارتیدا کارم کردووە، لە دۆخە جیاجیاکاندا بە ئاشکرا و نهێنی و لە شاخدا لە پۆستە جۆراوجۆرەکاندا لە هەردوو باڵەکەدا و لە تێکەڵاوبوونەوەدا لە هەموو ریزەکانی پارتیدا ئەو دیاردەی چەپگەرییە لەپێش چاودا بە زەقی دەبینرا، بەشبەحاڵی

خۆم تووشی کێشە و ململانێ بووم لەو بیرکردنەوەیەدا، پێیان وتوم (تۆ شیوعی نیت و دەزانین تێبینیت لەسەریان هەیە، بەڵام جۆرێکی تر لە مارکسیت بۆمان هەڵنایەت چییە!).

جارێکیان لە بارەگاکەی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن کۆبوونەوەمان بە شانەیەک دەکرد کە لاوی خوێندەوار و گورجوگۆڵی تێدا بوو، لە دەرگای ژوورەکەیاندا کە هاتنە ژوورەوە دوو ئەندامی ڕێکخراوی پێنجوێن بوون بۆ گوێگرتن و پشکنین سەردانی شانەکانیان دەکرد، یەکێکیان خولێخۆشبوو مەلا مەحمودی ناوبوو من لەسەر قسەکانم ڕۆیشتم باسی دوو قسەی مارکس و ماوتسی تونگم کرد، دوایی پێموتن تێبینیتان چییە؟ مەلا مەحمود وتی دڵنیابە نەمانزانی تۆیت ئەگینا نەدەهاتین، وتم زۆر ئاساییە ئەم سەرپەرشتی و بەسەرکردنەوەیە کارێکی باشە، وتی بەڵام تێبینییەکی بچکۆلەم هەیە و داوای لێبوردن دەکەم ئەویش ئەوەیە بیست دەقیقەیە ئێمە هاتووین تۆ قسە دەکەیت باسی بۆچوونەکانی سەرکردە شیوعییەکانی دنیا دەکەیت کەچی بە ئاستەم ئایەتێکی قورئانی پیرۆزت باس نەکرد ئەگینا لەوە زیاتر تێبینی چیمان هەبێت. یەک دوو برادەر پێکەنین وتم پێمەکەنن حەقی خۆیەتی رەخنە بگرێت و هەریەکە لە بوارێکدا توانای هەیە من لەو ڕوانگەیەی مامۆستاوە نە زانیاریم هەیە و نە بەپێویستیشی دەزانم لەم کۆبوونەویەدا و ڕەنگە هەڵوێستی وا بێتە پێشەوە ئەو بۆچوونەش کاریگەری خۆی هەبێت. ئەمە لەدوای تێکەڵاوبوونەوەی هەردوو باڵەکە بوو لە دەوری ١٩٧٢ دا و ئەوەندەی بۆمان دەکرا بەو جۆرە بیری چەپمان گرنگی پێدەدا و ناڕاستەوخۆ کۆمەڵە کەڵکی لێ وەردەگرت.

## بەشێوەیەکی رەسمی ساڵی چەند بوویتە ئەندامی حزب؟

ساڵی ١٩٥٦ خوێندنەوەکانمان زیاتر دەبوون و بەیانەکانی پارتیمان دەستدەکەوت و بە دزییەوە دەمانخوێندنەوە، ئەو لاوانەی سیاسەتیان دەکرد دەگیران و بەردەدران دەماننناسین، هەوڵماندەدا وەرمانبگرن دەیانوت ئێمە ئاگامان لە پارتی نییە حکومەت بە ناحەق وامان لێدەکات، یەکێکیان کاکەم (محەمەد حاجی سەفەر) بوو جار جار لێشم تورە دەبوو دەیوت بخوێنە ئێوە منالن، حەمە ئەمین پێنجوێنی، بەندە، حسێنی حاجی مەلا (دڵتەڕ) زۆرمان هەوڵدا هەر مندال بووین کەوا نەبوو، زۆربەی بەیانەکانی پارتی من و کاک حەمە ئەمین پێنجوێنی پەیامان دەکردن بەهی هەردوو برای گەورەمانەوە خوالێخشبوان کاکەم و کاک مەحمودی برایەوە، نائومێدبووین لەبەینی خۆماندا رێککەوتین ئەم حزبانە خوا دروستی نەکردوون با ئێمەش حزبێک دروست بکەین، لەگەڵ کۆمەلێک هاوڕێی ترمان کەوتینە تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کۆمەڵەیەک پێکبهێنین، هەریەکەمان لای خۆمانەوە چیمان بەبیردا هات نووسیمانەوە بۆ ئەوەی پەیڕەو پرگرامێکی لێبکەوێتەوە، لە چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە و هەڵسەنگاندنێکدا ئەو مەبەستەمان بەرجەستەکرد و پەیڕەو و پرگرامەکەمان تەواو کرد و سوێندمان خوارد کە پەیڕەوی بکەین بە رەسمگرتنەوە ناوی کۆمەڵەکەمان نا (کۆمەڵەی کاوە).

## ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی کاوە کێ بوون؟

ئەو ناوانەی لە دانانی پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا و لە سوێندخواردنەکەدا بەشدارییان کرد ئەم بەڕێزانە بوون:

حەمە ئەمین پێنجوێنی، حسێن حاجی مەلا حەمەئەمین، خوالێخۆشبوو شێخ عەلی شێخ حەسەن، خوالێخۆشبوو جەمال ئەمین یارە، عومەر حەمە عەلی، رەفیق ئەحمەد مینە رەندان، سابیر دەروێش ئەحمەد، بەکر حاجی سەفەر بووین.

## سوێندخواردنەکەتان بەچی بوو؟

دوای سوێندخواردن بە قورئان و ئاوێستا و کوردستان و شەرەف و وێنەگرتنی کەوتینە سەر ئیشکردن و خانوومان بۆ شێخ عەلی شێخ حەسەن گرت کە لە بەفر و باران بارین و سەرما و سۆڵەدا کۆبوونەوەمان لەوێ دەکرد خوالێخۆشبوان محەمەد حاجی عەبدوڵڵا (پاڵەوان) و ئەنوەر جەلالیشمان رێکخست ئەوانەشی لە سلێمانی دەیانخوێند، هەروەها خوالێخۆشبوان شەهید محەمەد سدیقی ئاسنگەر و جەمال جەلالمان رێکخست و خەریکی ئیشکردن بووین لەگەڵ شەوکەتی مەلا مارف قسەمان کرد کە هاورێمان و رێکوپێک بوو، ئەو بۆی رونکردینەوە کە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان زیاتر بۆمان دەگونجێت و ئەم ئەرکە گەورەیە بۆ ئێمە سەختە هەموو بریاری ئەوەماندا واز لە کۆمەڵەی کاوە بهێنین و بچینە ناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە.

وامانکرد بەڵام خۆشەویستی کۆمەڵەکە و زەحمەت و ئەو داهێنانەمان لەلا جێگەی رێز و خۆشەویستی بوو بۆخۆم هەرگیز بیرم ناچێتەوە و بە دەسپێکردنی یەکەم چوونە ناو بواری سیاسیمی دەزانم.

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ چەند

کۆبوونەوەیەکمان کرد، قادری میرزا کەریم و ئەمین عارف و لەتیف عەلی خوالێخۆشبوو کۆبوونەوەیان پێکردین و قوتابیانی هەڵەبجە قوتابیانی سلێمانیان دەعوەت کرد بۆ ئەحمەد ئاوا و زەڵم بە یەکێتی قوتابیانی پێنجوێنیشەوە دوای گەڕانەوەمان چەند برادەرێک لە سلێمانی مانەوە کە گەڕانەوە بۆ پێنجوێن جیابوونەوە و بوون بە عێراقی دوای ئەوە پارتی کردمیان بە ئەندام و کاریان پێ دەسپاردم، بەڵام هەرمن نا بەڵکو چەند هاوڕێیەکی تریشمان. چووینە هەڵەبجە بۆ خوێندن ژمارەی حزبی شیوعی و قوتابیانی عێراقی لەو سەرەتایەدا تەواو زۆر بوون و پارتی کەمبوون، من کرامە لێپرسراوی قوتابیان. هاوینان کە دەگەڕاینەوە لە پێنجوێن بە حەماسەوە کارمان دەکرد.

واتە سەرەتا لە (کۆمەڵەی کاوە)وە کە خۆمان دروستمانکردبوو دەستمپێکردووە ئەویش لەبەرئەوەی پارتی دەیانوت منداڵن، لەوێوە بۆ ناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزیش پارتی وەریانگرتین و مدناڵ نەبووین.

## ئەی دواتر چۆن درێژەت بەکاری سیاسیدا؟

لە هەڵەبجە دەمانخوێند، چونکە پێنجوێن لە شەشی سەرەتایی زیاتری لێنەبوو، هەڵەبجە یەکێک بوو لەو ناوچانەی کوردستانی عێراق کە شیوعی و جەماوەریان لە رادەبەدەربوو، بەڵام پارتی تەواو کەمبوون هەرچەندە تێکۆشەری کۆن و کەسایەتی ناسراو و خوێندەواری شارەزایان هەبوو، بەڵام لەچاو شیوعییەکاندا تەواو کەمبوون. دیارە قوتابخانەکەی ئێمەش هەروا بوو ئەوان

زۆر و ئێمه کەم، له پێنجوێنەوه چوارده خوێندکارمان چووینه هەڵەبجه هەموومان کوردستانی بووین و دیار بووین. هاوینان دەچووینەوه پێنجوێن وەکو کادر ئیشمان بۆ پارتی دەکرد. له هەڵەبجه ورده ورده ژمارەمان له هەموو چین و توێژەکاندا زیاتر دەبوو، که شۆڕشی ئەیلولی ۱۹٦۱ دەستیپێکرد و قوتابخانه دانرایەوه بووم به ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی پارتی و که بڕیاری دروستکردنەوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان درایەوه له یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی لیوادا که بەڕێزان و خوالێخۆشبوان محەمەد چاوشین و قادر شەریف کورده، شەهید محەمەد سدیقی ئاسنگەر و بەنده و حەمه ئەمین رانیەیی (خزمی حەمەی حاجی تایەر) بوو لەگەڵ سەلاح ناوێکی رانیەیی ئەندامی لیژنەکه بووین. یەکێتیی قوتابیانمان رێکخستەوه که لەپێشدا بڕیاردرا بوو هەردوو یەکێتی قوتابیان یەکبگرن و یەکێتی قوتابیانی گشتی دروستبکەن. ئەو تێکەڵاوبوونه نه لەناو قوتابیان و نه لەناو لاواندا سەریان نەگرت و هەر حزبه کاری خۆی دەکرد بەتایبەتی پارتی و شیوعی لەو بوارەدا نەیانتوانی رێکخراوەکانیان یەکبگرن. پارتی له شوێنیکی وەکو هەڵەبجه گەشەی دەکرد و خەڵکان دەوریان دەدا بەتایبەتی ئیجازه وەرگرتنی بۆ هۆی زیاتربوونی جەماوەرەکەی، حزبی شیوعیش بەپێچەوانەوه ، خەڵکیان به تەمای دابەشکردنی سامانی دەوڵەمەندەکان و پڕۆژەی جۆراوجۆر و زەوی دابەشکردن و ئیمتیازاتی تر و هیچ دیار نەبوو. ئەمانه وایان له پارتی کرد رێکخراوەکانی خۆیان بەگەڕبخەنەوه و سەرلەنوێ هاوکارییان بکەن و لەوه زیاتر خەواڵویان نەکەن و ئەو شێوه ئیشکردنەی که چەند ئەندامێکی لیژنەی مەرکەزی و لێپرسراو و کادره

دەرکەتوەکانیان لە چەند شوێنێک پیادەیان دەکرد و وایان لێکدەدایەوە بەرەبەرە تەسلیمی حزبی شیوعیان بکەن و پارتی رووتبکەنەوە و پەڕ و باڵی بکەن، دوای بەستنی (کۆنگرەی سێ) ئەو لێپرسراو و کادرە بە توانایانە دەرکران و خۆیان وازیان هێنا کە بە (هەمزەیی) ناو دەبران. دوای ئەوە پارتی گرنگی زیاتری بەخۆیدا لە رێکخستنەوە و ئیشکردندا.

کە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ دەستپێکرد و یەکەمجار لەڕووی سەربازییەوە لە دەربەندیخان و دەربەندی بازیان شکستی هێنا قوتابخانە دانرایەوە و گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە و کرامە ئەندامی ناوچە. ئەو ساڵە واتە ١٩٦١ -١٩٦٢ تا تەواوبوونی خوێندن لە هەڵەبجە کارمان دەکرد و چەند کێشەیەکمان تووش هات. کە گەڕاینەوە پێنجوێن بەڕێز مام جەلال بە هێزێکەوە هاتە سەر مەرکەزەکەی پێنجوێن. پاش چەند رۆژێک بە هەموو پارە و تەقەمەنی و بێ تەلانەوە تەسلیم بوون کە یەکەم سەرکەوتنی شۆڕش بوو لەو هەلومەرجە سەختەدا. شەڕی رێگەی پێنجوێن دەستپێکرد لە نزیک پردی بێ مەحکەمەی لای ناڵپاریز شەڕێکی گەرم کرا، مەلا رەسوڵی گروون و ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید کران. پێنجوێن گیرایەوە ئێمە بەماڵەوە لە دێهاتەکانی شلێر بووین و نەگەڕاینەوە ناو پێنجوێن. کرام بە ئەندامی ناوچە کە قاسم روخا و بەعس دەسەڵاتیان پچڕی لە ٨/شبات/١٩٦٣ دا کرامە کارگێڕی ناوچە، لە مانگی مارتی ١٩٦٤ هەڤاڵی خوالێخۆشبوو شێخ سەعید موفتی لێپرسراوی ناوچە گوێزرایەوە بۆ هەڵەبجە و منیان کردە لێپرسراوی ناوچە هێشتا لەگەڵ شێخ سەعید لە دەور و تەسلیم نەبووبووینەوە دووبەرەکی بڵاوبووەوە لە جیاتی ئەوەی لێپرسراوی ناوچە بم لە بەندیخانە توند کراین.

هەر رۆژە نا رۆژێک دەگیراین جارێک لە پێنجوێن زیندانی بووم بانگیانکردم کە بەربووم نەهاتمە دەرەوە عەریف رەشید ناوێک زۆری لەگەڵ وتم نەهاتمە دەرەوە معاون ئەحمەد سلێمانی هێنا وتی ئەوە چییە بۆ نایەیتە دەرەوە وتم وەکو گاڵتەجارِمان لێهاتووە لێرە بۆخۆم دادەنیشم وەعدیدا نەمگرنەوە هاتمە دەرەوە، بەڵام راستیان نەکرد دەیانگرتمەوە.

لەو جەولەیەدا کە خوا لێخۆشبوو بارزانی سەرپەرستی دەکرد و چوونە سەر (م.س) لە ماوەت و دەورووبەری و کشانەوە بۆ ئێران روویان کردە پێنجوێن و ماوەیەک مانەوە، شەهید ساڵح یوسفی شەوێک ناردی بە شوێنمدا زۆر بە هێواشی قسەی لەگەڵ کردم و هەوڵی دەدا ئیش بکەم، بەڵام من رازی نەبووم. خوالێخۆشبوو شێخ حسێنی بسکانی لای بارزانییەوە نوسراوێکی بۆ هێنام کە سەربەست بم لە هاتوچۆکردندا کە ئەوان بە هێزەکانیانەوە گەڕانەوە لە ٣١/ئابی ١٩٦٤ خوالێخۆشبوو کافەم گوێزایەوە لە ماڵمان شایی و هەڵپەرکێ بوو گرتمیان خوالێخۆشبوو عەقید نوری مەلا مارف کردی بە ژوورا بە توندی لێیان توورە بوو وتی ئەمانە ئابڕوومان دەبەن ئەگینا بەکر نامەی سەرۆک بارزانی پێیە ئەگەر ئەوەش نەبێت ژنی گواستوەتەوە بەردرام و گەڕامەوە ماڵەوە .

شەڕ دەستیپێکردەوە ماڵمان لە لەنگەدێ بوو برادەرانی (م.س) گەڕابوونەوە بۆ ناو شۆڕش دووبارە تێکچوونەوە و لە بەکرەجۆ بارەگایان دانا، بەدزییەوە گەیشتمە بوبان بەرێزان شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم و عەریف تاڵب مریاسی بارەگایان لە بوبان کردبووەوە لەوێشەوە شێخ محەمەد خۆی بردمی بۆ سلێمانی و لە ترس و لەرز رزگارم بوو. پاش ماوەیەک حکومەت پێنجوێنی چۆڵکرد پێشمەرگە هاتنە ناو شارەکەوە، ماڵی ئێمەش هاتنەوە

پێنجوێن ویستم منداڵەکانم ببەمە سلێمانی برادەرانی پارتی نەیانهێشت و حیجزیان کردن و باوکم کەفیلیان بوو هەتا ١٥-٢٠ رۆژ پێش بەیانەکەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ خوالێخۆشبوو فازڵ سرانی ئیزنی دابوون و هاتنە سلێمانی. پاش ماوەیەک بەکرەجۆ نەماو زۆربەمان روومان کردە بەغداد، ماوەیەک لەوێ بووین و هەتا رێککەوتن راگەیەندرا لەنێوان هەردوولادا.

لەو ماوەیەی لە بەغداد بووم خوالێخۆشبوو کاک حەمە چاوشین مژدەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی) پێ راگەیاندم کە دەمێک بوو بەشێکمان چاوەڕوانی شتێکی وامان دەکرد، دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی لە رێککەوتنەکەدا هەر لقێک چوار ئەندام و هەر لیژنەی ناوچەیەک سێ ئەندامی ئێمەیان بۆ دانابوو، بۆ پێنجوێن خوالێخۆشبوو ساڵحی حاجی فەتحوڵڵا و مەحمود غوڵام (مامە خولە) و بەندە دانرابووین هەردووکیان قبوڵکرد و منیان رەفز کرد و لەجێگەی من مامۆستا ئەحمەدی حاجی حەمە عەزیزی بانەییمان دانا کە کەسێکی دڵسۆز و رۆشنبیر و خەباتکەر بوو ئەویشیان نەویست خوالێخۆشبوو وەستا لالمان دانا رازی بوون.

منیان نەفی کرد بۆ سلێمانی و (٦٤ )رۆژ مامەوە و رێگەیان پێدام بگەڕێمەوە بۆ پێنجوێن و سەرلەنوێ لە شانەکانی خوارەوە دەستپێبکەمەوە و وامکرد، بەڵام لەناو شانەکان و کەسە رێکوپێکەکاندا درێغیمان نەکرد بۆ رێبازی چەپ و بیری ماوی هەتا مانگی سێ ١٩٧٥ و سەنگەر چۆڵکردن. زۆر بەتەمای دەوری کۆمەڵە بووین هیچ نەکرا ئیتر بەعس گەڕایەوە بۆ هەموو شار و ناوچە ئازادکراوەکانی رۆژانی شۆڕش.

دەستمانکرد بە رێکخستنی کۆمەڵە، ئەوەی لە پێنجوێن

هۆکاری بە پیرەوە هاتنمان و گەشەکردنی ڕێکخستنەکانمان و پاراستنی سەراپای نهێنییەکان بوون دژایەتی بەعس و کەمی دەموچاوی ئەو لێپرسراوە کۆنانەی پارتی کە بە تەنیا بیریان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکردەوە و لە جەماوەرەوە دوور بوون و دژی بیری تازە و چەپگەری بوون کە ئەم هۆکارەی دواییان ببوەوە باوێکی ئەوتۆ زۆر کەس ماناکەشی نەدەزانی، بەڵام هەر پشتگیری دەکرد لەسەرێکەوە، و لە سەرێکی تریشەوە ئاڵۆزی و رەفتاری توندڕەوانە و پیادەکردنێکی نەشارەزاییانەی ئەوتۆ کە زۆربەی رەهەندەکانی دەشێواند و کاریگەری نەویستراوی لێ دەکەوتەوە، پێنجوێنیش لەم هەڵوێستانە بەدەر نەبوو، بەڵام ڕێکخستنەکانی ئێمە لەبەرئەوەی هەنگاوی گونجاو و بە دیقەت سەیرکردن و لانەدان لە ڕێبازە دروستەکان و نزیکبوونەوە لە جەماوەر و سەلماندنی ئەم بیرۆکەیە بۆ خزمەتی کوردایەتی بە ئاشکرا دەبینران ڕێکخستنەکان گەشەیان دەکرد و توێژە جیاجیاکانی دەگرتەوە هەتا (ی.ن.ک) دروستبوو و بەیانەکەی (ی.ن.ک بۆچی؟) گەیشتە دەستمان تەنیا ڕێکخستنی کۆمەڵەمان هەبوو لە گەشەکردنیشدا بووین کە دامەزراندنی یەکێتیش بڵاوکرایەوە بەهێزتر بووین.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ شۆڕش بەرپابوو، لە ڕۆژی ١٩٧٦/١١/١٣ چوومە دەرەوە، نیازی چوونە دەرەوەم زووتر بوو، بەڵام ڕێک نەدەکەوت و سەرقاڵی ڕێکخستنەکان بووین کە ئەو کاتانە گرنگی زۆر بە ڕێکخستن دەدرا و لەلامان بە پیرۆزی سەیر دەکرا. ئەو ڕۆژەی چوومە دەرەوە بڕیارم نەبوو بە پەلە و بەبێ پلان و ئاگاداری ڕێکخستن و ماڵ و منداڵ کتوپڕ ڕۆیشتم.

کە چوومە دەرەوە ئەندامی هیچ سەرکردایەتییەک نە هی

کۆمەڵە و نەهی یەکێتیش نەبووم تەنیا لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پێنجوێن و ئەندامی لیژنەی پارێزگای سلێمانی بووم کە وەکو ئەو لیژنەی پارێزگایە تا چوومە دەرەوە تەنیا یەک کۆبوونەوەمان کرد لە ماڵی بەڕێز ئاوات قارەمانی لە گەڕەکی جولەکان و بە سەرپەرشتی بەڕێز مەلا بەختیار.

راستە زۆرجار مەلا بەختیارم دەبینی و جارێکیش شەهید ئارامم بینی بەهۆی شەهید جەمالە رەشەوە، بەڵام ئیزنی نەدام شەش کاتژمێرێک پێکەوەبووین و سوودێکی زۆرم لێوەرگرت.

وەکو وتم سەرکردایەتی نەبووم، بەڵام نایشارمەوە لە چوونە دەرەوەمدا و هەر کە پێنجوێنم بەجێهێشت وەکو لێپرسراوی پێنجوێن نا، بەڵکو حسابی لەوە زیاترم بۆخۆم دەکرد و چەندم بتوانیایە بەدیقەتەوە هەنگاوم دەناو شۆڕشەکەم تەواو لا پیرۆز بوو، حەزم دەکرد و هەوڵم دەدا کادر و پێشمەرگەکان هەست بە لێپرسراویەتی زیاتر بکەن، بە ئاگابن و بچینە ناو جەماوەرەوە بەشێوەیەک سەرنجیان رابکێشین و شۆڕش بە هینی خۆیان بزانن و لێیان جیانەبینەوە و هاوکارییان بکەین. لێپرسراوەکان تەنیا لەوەیاندا خۆیان جیابکەنەوە کە ئەرکی زیاتریان لەسەر شانە دەنا لە هەموو بوارەکانی تردا وەکو یەکین کە لەو سەردەمەدا ئەو دیاردەیە بەڕوونی دەبینرا، لەگەڵ ئەوانەی ئەم شێوازەیان لا پەسەند نەبوو خۆیان دەسەپاند کێشەمان هەبوو، بەڵام نەماندەهێشت بڵاوببێتەوە لە هەموو دنیاشدا بیر و بۆچوونی جیاواز و رەفتاری جیاواز و ئەوانە هەر هەن بەتایبەتی لەشێوە (بەرەیی) وەکو ئەو کاتەی یەکێتیدا.

نایشارمەوە لە ساڵی ١٩٧٦ و هەڵگیرسانی شۆڕشدا هەموو وەکو یەک بیرمان نەکردووەتەوە، وەکو یەک رەفتارمان نەکردووە،

هەندێکجار لەیەکتر بێزار دەبووین. ئێستا پێشمەرگەی دێرینی ئەو سەردەمانە بدوێنن و راشکاوانە قسە بکەن زۆر شتی وا هەڵدەرێژن جێگەی سەرسوڕمانە.

**لەوبارەیەوە تۆ چیت بیرماوە کە ئازاری دابێت؟**

حەزناکەم لەسەر ئەو بابەتانە زۆر بدوێم و دڵنیام رۆژێک دێتە پێشەوە مێژوو ئەو بوارە ئاسان دەکات خەڵکی وەکو من ئێستاش رێزی شۆڕش و ماندووبوون و پارێزگاری ئەوانەی بەلاوە پێویست بێت ئەوکاتە ئەوانە کێن پێویستییەکان وادەخوازن چی لەژێر بەرەدایە ئاشکرا بکرێت.

بڕیارێکی سەرکردایەتی دەرچوو لە ساڵی ١٩٧٧ دا شەهید تایەری عەلی والی بەگ و بەڕێز مولازم عومەر سەرپەرشتی پێشمەرگەی پارێزگای سلێمانی بکەن و منیشیان لەگەڵبم، ئەوکات هەرێمەکان جێگیر نەبوون سەرەتای ١٩٧٨ لقەکان پێکهاتن بۆ رێکخستنەکانی (ی.ن.ک) شەهید د.خالید لێپرسراوی لقی یەک و من و شەهید ئەحمەد فەتحوڵڵا کارگێڕبین لەگەڵیدا.

مانگی ئاداری ١٩٧٨ هێزەکان بە زۆری لە نۆکان و خڕی ناوزەنگ بووین، چەند کۆبوونەوەیکی کۆمەڵەمان کرد لەژێر خێمەیەکدا لە نزیک بارەگاکەی بەڕێز مام جەلال لە نۆکان. کاک نەوشیروان ئامادەی زۆربەی کۆبوونەکان بوو، جەنابی مام جەلالیش جار جار ئامادە دەبوو هاتینە سەر ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی تر هەڵبژێرین بۆ هاوکاری هاوڕێیانی ناوەندیی کۆمەڵە کە ئەوکاتە کاک ئارام شەهید کرابوو و ژمارەیان کەمبوو تەنیا بەڕێزان مەلا بەختیار و سالار عەزیز و شەهید ئازاد هەورامی مابوونەوە.

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکە چۆن بوو؟ کێیتر چووە نێو سەرکردایەتی تازەوە؟

هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا هەڤاڵ مەحمود عەبدولڕەحمان (شێخ عەلی) ناوبراو یەکێک لەو کادرە ڕۆشنبیر و چالاک و بە ئەزموونانەی کەوا نەک هەر خۆی، بەڵکو خانەوادەکەیشی لە کۆنەوە سەرگەرمی کوردایەتی بوون و یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی نوێ لە هەڵەبجە وهەورامان و شارەزوور ئەو سەرپەرشتی دەکردن و لە ڕۆژانی ئاشبەتاڵدا چەند چەکێکی شاردبووەوە. شەهید وەستا ئەنوەر کە لە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی لیوای کۆمەڵەدا لەگەڵمان ئامادەبوو وەکو لێپرسراوی کۆمەڵە لە هەڵەبجە بەو شێوەیەش شەهید کرا کە دوژمنی سەرسامکردبوو لە ٪١٠٠ ی دەنگەکانی ئامادەبووانی هێنا و منیش یەک دەنگ لەو کەمتر و مامۆستا جەعفەر لە قەرەداخ بوو بڕیار درا بکرێتە ئەندامی (م.س)ی یەکێتیی و ناوەندی کۆمەڵە. هەر لەو ڕۆژانەدا ئاگاداریان کردمەوە بوومەتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی و بەشداری کۆبوونەکانی سەرکردایەتیم کرد و کرامە لێپرسراوی لقی یەک، چونکە شەهید د.خالید بەشداری چوونەکەی بادینانی دەکرد کە شەهید غەفور ژاژڵەیی و شەهید پێشڕەو خانەقینی کرانە ئەندامی لقەکە وەکو نوێنەری بزووتنەوە و کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧٩ کرامە لێپرسراوی هەرێمی سێ کە کارەساتی هەکاری و جیابوونەوەی بزوتنەوە هەرێمی سێیان شێواندبوو ووردە ووردە هەرێمەکە هاتەوە سەرخۆ و کەرتەکان ڕێکخرانەوە و هێزێکی باشی لێ دەرچوو.

**بەڵام تۆ لە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵەدا خۆت نەپاڵاوتەوە بۆچی؟**

لە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵەدا خۆم نە پاڵاوتەوە بۆ سەرکردایەتی، چونکە گێرە و کێشەکان ناخۆشبوون بوون.
لە ١٩٨١ دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و دامەزراندنی تیپەکان دران، هەرێمی سێ بوو بە سێ تیپ تیپی ٣١ تیپی ٣٣ تیپی ٣٧ کە ٣ تیپی چالاک و دوور لە عەشایەربازی و بە ڕێکوپێکی کاریان دەکرد و زۆربەی هەرە زۆریان کۆمەڵە بوون.
ساڵی ١٩٨٣ بارەگاکانی سەرکردایەتی هاتبوونە خۆشناوەتی و کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی لە گوندی خەتێ ئەنجامدران بەداخەوە لەو ڕۆژانەدا مامۆستا جەمال تایەر بە کارەساتێکی ئۆتۆمبێل شەهید بوو و هەموومانی نیگەران کرد لەو کۆبوونەوانەدا کرامە لێپرسراوی مەڵبەندی یەک کە پێشتر مەلا بەختیار لێپرسراوی بوو و دوای منیش خوالێخۆشبوو جەبار فەرمان بووە لێپرسراوی مەڵبەندەکە.

**جەنابت ماڵت گواستەوە بۆ قەرەداغ، هەر لەو ماوەیەشدا دروستبوونی ئاڵای شۆڕش کێشەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، هەڵوێستت لەو بارەیەوە چۆن بوو؟**

بەڵێ ماڵم چووە زڕگوێز و لەوێشەوە بۆ سێوسێنان، ئەوکاتەی لە سێوسێنان بووین کێشەی ئاڵای شۆڕش کەوتە ئاراوە، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو وەزعەم پێناخۆشبوو هەم دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش و جیابوونەوەیان هەم توندوتیژییەکانی سەرکردایەتی یەکێتی بەرانبەریان. لەگەڵ لێپرسراوانی هەردوولا بەتایبەتی

جەنابی مام جەلال و مەلا بەختیار، مام جەلال گوێی بۆ دەگرتم و تووڕە نەدەبوو ئەگەر پێشی ناخۆشبوایە دەرینەدەبڕی، بەڵام کاک مەلا بەختیار تووڕە دەبوو و دەیوت تۆ هەر بێ ئەهەمیەتمان دەکەیت.

کە لە تەکیە گرتیان دلێری سەید مەجید لەلای بوو نامەیەکی بۆ ناردم بۆ سێوسێنان بەرەو گوندی نەوتی بردبوویان، چووینە ئەوێ و هەر لەگەڵی بووین بە جیهازەکەی کاک سامان گەرمیانی کە لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندی یەک بوو بەڕێز مام جەلال قسەی لەگەڵ کردم کە بچم بۆ سەرکردایەتی، وتم بەسەرچاو بەڕێگەوەین حەزی نەدەکرد لەگەڵ مەلا بەختیار بچم، رازیمکرد کە با لەگەڵی بین، بەڵام لە (مێولی) لێیان شاردینەوە خۆمان بە جیا لەگەڵ کاک دلێر و کاک دلاوەری ئەحمەد مەجید و هێمنە رەشی سەرتیپ بەڕێکەوتین بۆ سەرکردایەتی.

مام جەلال باسێکی وەزعەکەی کرد و وتی بێیتە ئەم ناوە دانیشی بە ماڵەوە لە چۆخماخ خانوویەکمان پەیداکرد و دانیشتین، لەگەڵ مامۆستا موحسین لە سەرگەڵو بووین لە ماڵی کاک دلێر دەنگوباسی راکردنی مەلا بەختیار بڵاوبووەوە، جەژن بوو سەرێکی مام جەلالماندا، ماڵی کاک فەرەیدون عەبدولقادریش لە یاخسەمەر بوو هەردووکیان زۆریان لێ دەکردین ئەو شەوە لایان بین وتم دەڕۆمەوە دەزانم ماڵی ئێمەیان پشکنیوە کاک فەریدون پێی ناخۆشبوو وتی ئەخلاق بەو جۆرە نەگۆڕاوە چۆن وا دەڵێیت. بەهەرحاڵ رۆیشتینەوە بۆ چۆخماخ، کافە و پێشمەرگە و منداڵەکان بێتاقەتبوون هاتبوون هەموویان پشکنی بوو، دڵخۆشیمانکردن، هەر ئەو رۆژە کاک فەرەیدون بە پەلە هات بۆ چۆخماخ نامەی مام جەلال و کاک نەوشیروانی هێنابوو

بێزارییان بەرانبەر بەو کارە دەربڕیبوو کە ئەوان ئاگاداری ئەوە نین، لەگەڵ کاک فەرەیدون زۆرمان قسەکرد و ئەو گەڕایەوە.

لە دیوی قزلەر گیرایەوە، من هەر لە چۆخماخ بووم ڕۆژێک کاک دلێری سەید مەجید هات بە شوێنمدا وتی کاک نەوشیروان لە بەرگەڵوەیە و حەز دەکات سەرێکی لێبدەیت و ئیشێکی پێشمەرگانە بکەیت. پێکەوە ڕۆشتین کاک نەوشیروان و کاک مولازم عومەر و کاک فەرەیدون چاوەڕێیان دەکردم باسی ئەو ئیشەی دەوری سەرکردایەتیان کرد کە ببمە لێپرسراوی لە دۆڵی مەرگەوە هەتا دەوری کارێزە و دۆڵە ڕووت وتم ئەوە زۆرە و هەر دۆڵە ڕووت و دەروی کارێزە باشە. کاک فەرەیدون هات و بەرەکەی تەسلیم کردم و پێیانەوە خەریک بووم تا ئەنفالی یەک دەستیپێکرد، منداڵەکانیشم لەوێ بوون. کاک نەوشیروان جوابی بۆ ناردم بە کاک مولازم عومەردا کە ئیتر ئەوە عەیبە و منداڵەکان بۆ نانێرێت بۆ ئێران لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە. ڕۆژی ٣/١٤ کافە و منداڵەکانم ڕەوانەی بانە کرد، هێزەکانی دوژمن تەواو لە هەموو لایەکەوە نزیک دەبوونەوە، مولازم عومەر جیهازی بۆ کردم کە شوێنەکان گیراون و لەلای مەرگەوە خەریکن نزیکی بەرگەڵو دەبنەوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ پاشەکشەمانکرد و ماڵەکەی خۆمان بە کەل و پەلەوە سوتاند لەسەر کانییەکانی سیرەمێرگی هەموو یەکمانگرتەوە و بەرێکەوتین بەرەو شاناخسێ. من چوومە بانە و بە ماڵەوە چووینە سەقز جێگیر بووین هەتا ڕاپەڕینە گەورەکەی بەهاری١٩٩١.

لەو ماوەیەدا کە لە سەقز بووین چەند جارێک چووینە قاسمەڕەش و سەردانی بەڕێزان مام جەلال و کاک نەوشیروانمان کرد، کۆبوونەوەمان دەکرد، را و بۆچوونی خۆمان لەگەڵ

باسدەکردن. لەو باس و خواسانەدا تووڕەبوون و دڵگرانیشی لێدەکەوتەوە. جارێک من و کاک وەهاب لەگەڵ کاک نەوشیروان دانیشتین باسی مەلا بەختیارمان کرد لەوێ زیندان کرابوو حەزمان دەکرد بەربدرێت کاک نەوشیروان تەواو دڵگران بوو وتی تۆ هەر حەز بەوە دەکەیت مەلا بەختیار ببێتە سکرتێری کۆمەڵە، هەرگیز وا بیرم نەکردووەتەوە خۆ ئەگەر واش بێت بڕوام نەدەکرد تا کاک نەوشیروان لە ئارادا بێت مەلا بەختیار ئەوەی بەخەیاڵدا بێت مەگەر سەری لێشێوابێت، تەنیا مەبەستیشم ئەوەبوو ئا لەو وەزعە نالەبارەدا هەموو پێویستمان بە برایەتی و هاوکاری یەکتر و پێداچوونەوەی رابردوو و دانانی بەرنامەی گونجاوی ئاینده بوو کە ئەو سەردەمە (ی.ن.ک) بە هێزێکی سەرەکی دەبینراو و ئەرکی گەورەی لەئەستۆدا بوو لە مەیدانی سیاسیدا حسابی تایبەتی بۆ دەکرا، بۆیە چەندی هەوڵی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی بدایە کارەکانی ئاسانتر و رێڕەوەکەی پرشنگدارتر و ناحەزەکانیشی وایان لێدەهات نائومێدییەکانیان بەرچاویان بشێوێنێ و بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزار بڕۆن ئێستاشی لەگەڵ بێت هەروا بیردەکەمەوە، مێژووش ئەم راستییەی لە هەموو شۆرش و راپەڕین و بزووتنەوەکانی رابردوودا سەلماندووە.

**لەوکاتانەیشدا هەندێک کەس هەر چاویان لە پلە و پایە بووە، ئێوە بەرپرسیارێتیتان لا گرنگ بووە یان هەر پێشمەرگایەتی ئەرکێکی پیرۆز بووە؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا چەند پرسیارێکی سەرنجراکێش دێتە ئاراوە، دەپرسم حزبایەتی لە دەورانی بەعسییەکاندا پلە

و پایەی دروست دەکرد یان دەبوو هەمیشە چاوت لە پەتەکەی ملی شەهیدان مامۆستا عەزیز مەحمود و جەمالەڕەش و خاڵە شیهاب و هەموو شەهیدانی تری ڕێبازی کوردایەتی بێت؟

لە دەرەوەش پلە و پایە دەبێت گۆڕەکانی شەهیدان ئارام و عەلی عەسکەری و سەعدی گچکە و ئەو هەموو شەهیدەی لەپێناوی ڕێبازی کوردایەتیدا ژیانیان لێ سەندرایەوە لەبیربچێت؟ دەبێت یەکێکی وەکو من واز لە هەموو ئارامییەکانی ژیان و کوێرەوەری و چەندینجار لە شەهیدکردن بگەڕێتەوە و ماڵ و منداڵ و کەسوکار بخاتە بەردەمی بەعسییە دڕندەکان کە ئەوەی مانای ڕەوشت بێت لەلای ئەوان بوونی نەبوو، پرسیارەکان زۆرن، بەڵام جارێ ئەوەندە بەسە.

لە هیچ شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکدا ناتوانین بڵێین کەم و کورتی و بەرژەوەندی پەرست و کاری نابەجێ نییە، بەڵام دەبێت هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو دیاردانە بدرێت، زۆربەی هەرە زۆری حزبەکانی جاران مەبەستیان خزمەتکردن و بۆ پێشەوەچوونی مەبەستە پیرۆزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، دەزانم ئێستا وەکو جاران نییە و تێکەڵ و پێکەڵی و خۆخۆیی بەئاشکرا سەرنجم ڕادەکێشێت، بەڵام مەرج نییە هەموو وابن هەوڵی شەریفانەش لە ئارادایە و نائومێدی چارەسەری ئەو خۆپەرستی و کەموکوڕییانە ناکات لەبەر ئەمانە مادەم ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی من کراوەتەوە مافی خۆمە بڵێم بەڵی حزبایەتیم بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی زانیوە و ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕییەدا هەروا بیر دەکەمەوە. جاران هۆی سەرەکی لەناوچوونی شۆڕشەکان بەوە دادەنرا کە حزب نەبووە یان بێدەسەڵات بووە و سەرۆک عەشیرەتەکان

سەرکردایەتیان بەدەستەوە بووە  و چۆنیان ویستوە بەئارەزووی خۆیان هەڵیان سوڕاندووە بۆیە شکستیان هێناوە.

- ١١ی ئادار بۆ کورد دەستکەوت بوو

# بەیاننامەی ١١ی ئادار: دوای رێککەوتن شکست هات

**با کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە، دەمەوێت سەبارەت بە بەیاننامەی ١١ی ئادار قسە بکەین، ئێوە بۆچوونتان دەربارەی ئەو بەیاننامەیە چی بوو، پێتانوابوو ئەنجامی باشی دەبێت؟**

حزبی بەعس باوەڕی بە کورد و شۆڕشەکەی نەک هەر نەدەکرد، بەڵکو لە هەموو هەلومەرجەکاندا چۆنیان بۆ کرابێت بەرنامەی لەناوبردنیان داناوە و پیلانیان گێڕاوە و پارەیان بڵاوکردووەتەوە و کەسانی بێ شەخسیەت و پارە پەرستیان کڕیوە سەرباری ناسینی بەعس و مەرامە نامرۆڤایەتییەکانیان کە ناچاربوون بێنە پێشەوە بۆ وتوویژ و وازهێنان لە شەڕی چەکداری ئەگەر بە نیازی خراپ و پیلانگێڕیش بێت وەڵامدانەوەی لەلایەن کوردەوە کارێکی باشبوو لەبەرئەوەی ئەوە نەکرێت بە بیانوویەک کە کورد شەڕەنگێزە و لە ئاشتی خۆی دوور دەخاتەوە کە لە سەرەتاوە هەمیشە کورد ویستویەتی بە گفتوگۆی ئاشتیانە کێشەکان چارەسەر بکات و دەسەڵات رازی نەبووە.

ئەو بەیانە لە مێژوودا کاریگەری خۆی تۆمار کردووە، راستە بەعسییەکان هەلێکیان بۆ هەڵکەوت دەست بەخۆیاندا بهێنن و سوپاکەیان پۆشتەتر بکەنەوە، ئەحمەد حەسەن بەکر بۆخۆی بڕیاری (خۆماڵی کردنی) نەوت بڵاوبکاتەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان فراوانتر بکەن، بەڵام بۆ کوردیش زیاتر ئەوە سەلمێندرا لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی نەک هەر هاوکاری ئامانجیەتی و چۆنی بۆ بکرێت بەپێویستی دەزانێت و هەوڵی بۆ دەدا، زیاتر چۆنیەتی کێشەکە بڵاوکرایەوە و سەلمێندرا کە کورد لەپێناوی

مافەکانی گەیشتووەتە شۆڕشی چەکداری و ئەو هەموو قوربانییەی داوە، پشوویەک هاتە پێشەوە و کەڵکی لێوەرگیرا بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و ڕزگاربوونی چەند قەزا و ناحیەیەک بەئاسانی و ئەو بەیانە و ئارامی ڕەوشەکە و فراوانتربوونی ماوەی گفتوگۆ و یەکتربینین لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا بەتایبەتی لەو سەردەمەدا لە هەردوو باڵەکەی پارتی خۆی دەبینییەوە یەکیان گرتەوە و شەڕی براکوژی زیانی کورد و خۆشکەری دڵی دوژمنان وازی لێهێنرا کە ئەمە گرنگترین دەسکەوتی بە بەها و سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە شەڕی براکوژی لە زیانی میللەتەکە و لایەنەکان بەولاوە هیچیتری لێ ڕەچاو ناکرێت. هەرچەندە بەعسییەکان وازیان لەو بیروباوەڕەی خۆیان نەهێنا و هەر ڕۆژە و بیانووییەکیان دەگرت و پلانێکیان دەگێڕا، لەناو کوردیشدا کە پارتی سەرکردایەتی دەکرد کەمتەرخەمی و هەڵە و نەشارەزایی و بەدوادانەچوون و لێنەپرسینەوە و خۆپەرستی دیاردەیەکی ئاشکرا بوو.

سەرەڕای ئەمانە و هەندێک کەموکوڕی خودی بەیانەکە، بەشبەحاڵی خۆم ئەو بەیانەم بە یەکێک لە فاکتەرەکانی بۆ پێشەوە چوون و تۆکمەکردنی بزووتنەوە ڕەواکەی کورد دەزانی وەکو پێشتر باسمکردوە سەرەڕای کەموکوڕییەکانیش.

**لەگەڵ هەستکردن بەو کەموکوڕییانەیش پێشبینی نسکۆی شۆڕشتان دەکرد، ئێوە بۆچوونتان چۆن بوو؟**

مانگی مارتی هەموو ساڵێک بەرەو خۆشی و کەمبوونەوەی سەهۆڵبەندان و سەرما و سوڵە دەچوو، سەیران و سەردان و ئاهەنگ و ڕازاندنەوەی دەر و دەشت و شاخ و دۆڵ بە گوڵ و گوڵزار و چیمەنە سەوزەکان دەستیان پێدەکرد، چەپکە نێرگز

بۆن و بەرامەی خۆشتر دەکرد، بەداخەوە ئەو کارەساتە جەرگبڕە بێ مانایە پێچەوانەکەی هێنایە ئارەوە و خەمۆکی سەراپای وڵاتی گرتەوە وشەی (ئاشبەتاڵ) لەناخی خەڵکەوە هەڵقوڵی و جێگەی بەرگری لە میللەتەکەمانی گرتەوە، دەبوو بە حەزی ژمارەیەکی خاوەن دەسەڵاتی هەفتەی پێشوو بوایە و ورتەت لە دەم نەیەتە دەرەوە و بەو بڕیارە دزێوە رازی ببیت و بەرەو ئێران یان عێراق بەئارەزوی خۆت بڕۆیت و بەو ملکەچییەی لەپێناو دژایەتیکردنیدا هەزاران شەهید و وێرانکاری و دەربەدەری برسیەتی درا، کێشەت نەبێت و قایل ببیت. ئاخر ئەمە کەی بڕیارە؟! چۆن ئاوا دەبێت؟! بۆ دەبێت شێوەی خەبات و فەرمانڕەوایەتی گۆڕانی بەسەردا نەیەت؟! بۆ دەبێت باوەڕمان بەخۆمان نەبێت؟! ئەمە هەڵوێستی بەشێکی ئێجگار زۆری رۆشنبیران و پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان و جەماوەر و کۆمەڵەیش بوو. بەتەمای ئەوە بووین شێوەی خەبات بگۆڕێت و باوەڕ بە هێز و توانای خۆمان بکەین و دەستبەرداری ئەو شۆڕشە نەبین و کۆمەڵەیش لەسەر خەت بوو چەندین کەسی وەکو ئێمەمانان جلی خاکیمان لەبەر دەکرد و لەخۆ ئامادەکردندا بووین بۆ درێژەدان بە شۆڕش و تەسلیم نەبوون بە دوژمن. بەداخەوە تێکچوون و پەرشوبڵاوی و سەرپەرشتی نەکردن و دابەزاندنی ورە و بێ سەرەوبەرەیی وایانکرد ئەم هەوڵە سەرنەگرێت و هەر کەسە خۆی چی بە باش دەزانێت وا بکات، ئیتر سا بچێتە ئێران یان بگەڕێتەوە عێراق.

## ئێوە چی رێگایەکتان بەگونجاو دەزانی بگیرێتەبەر؟

کۆمەڵەی مارکسی لینینی کە ناوێکی زەق و رەق بوو، ژمارەی ئەندامانی کەمبوو و توانای ماددی هەر نەبوو،

ئەوەندەی دەبینرا بەرگری لەلا پەسند بوو و هەوڵیشی بۆ درا، بەڵام ئەنجامەکەی دەرکەوت لەو وەزعەدا بە تەنیا بە کۆمەڵە ناکرێت، بەڵام وانا کە ئیتر وەکو سەرکردایەتی شۆڕش واز لە سەرپەرشتی رێکخستنەکانیشی بهێنێت. بەپێچەوانەوە رێکخستنەکانیان بەسەر دەکردەوە و ئامادەکاری دەکرا بۆ هێوربوونەوەی بارودۆخەکە و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشێکی نوێ کە تەواو ئەرکێکی قورس بوو.

هەر لە رۆژانی ئەو سەرگەردانی و نائومێدیەدا ئەندامانی کۆمەڵە لەجیاتی ئەوەی راو و رووت بکەن دەستیانکرد بە شاردنەوەی چەک و تەقەمەنی. من چەند چەکێکم بۆخۆم و برادەرانیش شاردەوە کە شۆڕشی نوێ دەستیپێکرد و رۆیشتمە دەرەوە زانیم کە لە سنووری پێنجوێن کۆمەڵەکان لە چەند دێیەک چەکیان شاردووەتەوە، تاییان لە کێلو شاردووەتەوە و کەڵکمان لە هەموویان وەرگرت. بەو تایپە چەندین چالاکیمان ئەنجامدا، شەهید مامۆستا جەمال عەزیز هەر لە گوندی کێلو مامۆستا بوو، تایپەکەمان خستە بەردەست، لەوێ بە فەرمانی شەهید ئارام پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەمان بە ژمارەیەکی زۆرەوە چاپکردەوە، مەلا بەختیار کۆمەڵێک چەکی لە دەوری بەمۆ شاردبووەوە کە شا روخا بەشێک لە پێشمەرگەکانی دەستەکەی منیشی لەگەڵ خۆی برد و چەکەکانی لەژێر خاکدا دەرهێنا، بەڵام ژەنگ و تەڕی خراپی کردبوون، ئەمە تەنیا ئەوەی کە من ئاگام لێبوو دەنا لە زۆر شوێنی تریش واکرابوو واتە ئەوەمان بە گونجاو زانی پاش ماوەیەک دەست پێبکەینەوە هەرواش کرا و شۆڕشی نوێ بەرپا کرایەوە و دواتر لایەنەکانی تریش هاتنە مەیدانەوە و شۆڕشەکە گەورە کرا و هەموو لایەنێکی گرتەوە و ئەم رۆژەی لێهاتە

بەرهەم کە لەلای هەمووان روونبووەتەوە پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆ و خستنە پێشەوەی بەرژەوەندی گشتی هەیە تا ئەو ئاواتانەی گرنگن و بەرانبەرەکان هەر رۆژە و بەبیانوویەک پشتگوێیان دەخەن و کێشە بۆ هاتنە دییان دروستدەکەن.

## • یەکێتیی داهێنانی کرد

# شۆڕشی نوێ و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**بە چەند مانگێک دوای نسکۆی ١٩٧٥ شۆڕشی نوێ هەڵگیرسایەوە، ئەوکات جەنابت بەچییەوە سەرقاڵ و بەرنامەی چیت هەبوو؟**

بە چەند مانگێک نا بە ساڵێک و سێ مانگ دوای کوژاندنەوەی (١٩٧٥) شۆڕشی نوێ بەرپاکرا، ئێمە ئەو کاتانە لەلایەک بۆ بژێوی ژیانمان سەرقاڵبووین لەلایەکی تریشەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە و لەدوای دامەزراندنی (ی.ن.ک)یش بە جێگیربوون و لە هەوڵی ناسینیدا بووین لەناو ڕێکخستنەکان و جەماوەریشدا لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروڕا گۆڕینەوە و نیازە دوژمنکارییەکانی بەعسییەکانەوە بووین.

ڕێکخستنەکان ڕۆژانە گەشەیان دەکرد، دژایەتی بەعسییە داگیرکەرەکان بەئاشکرا دەبینرا و دوورکەوتنەوە لێیان چەند چڵکاوخۆر وخۆپەرست نەبێت خەڵکی دەڤەرەکەی توندتر و تورەتر دەکرد بەرانبەریان و چاوەڕوانی شۆرش و دژایەتی داگیرکەرانیان دەکرد و بە ئەرکی سەرشانیان دەزانی و منیش سەرقاڵی ئیدارەکردنی ئەو وەزعە بووم و لە هەوڵی زیاتری ئەو ئەرکەدا بووین بە هاوکاری و لەخۆبووردنی چەند هاوڕێیەکی هۆشیار و لێزان و خۆڕاگری ناو ڕێکخستنەکان و جەماوەری دڵسۆزی دەڤەرەکە. هاوڕێیانی بە ئەمەک و کاریگەری وەکو خوالێخۆشبوو کاک جەمال جەلالی شارەزا و بەدیقەت و شەهید حەمەئەمینی خەجێ و شەهید عەبدوڵڵای حاجی عەزیز و شەهید مامۆستا جەمال عەزیز و عەبدولکەریمی حەمەی سەعیدی ئەو

ڕۆژگارە و جەمالی حەمەی خواکەرەم کە تازە لە زیندانی ئێرانەوە گەڕابووەوە خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەدی حاجی عەزیز و مامۆستا کەمالی حەسەنی میرزا ڕەشید پێش ئەوەی لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی تەمووزی ١٩٨٠ بێتە دەرەوە لێپرسراوی ڕێکخستنەکان بوو. مامۆستا شێخ عومەری شێخ ئەحمەدی نزارە و عومەری حاجی حەمەفەرەج لە تێکۆشەرەکانی ئەو ڕۆژگارە سەختەبوون ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی (ی.ن.ک) هەڵدەسوڕان.

ئەمانە و چەندین تێکۆشەری تریش کە لێرەدا داوای لێبوردنیان لێدەکەم کە ناوم نەهێناون، چونکە ژمارەیان زۆر بوو و ئەمانەیش کە ناوم هێناون ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکرد و بارنەی پەیوەندی نێوانمان بوون، خوالێخۆشبوو کاک عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا (وەستا جەلال) هەرچەندە دوورخرابووەوە بۆ ڕوتبە هەر دڵی لامان بوو کە بە ئیجازەش دەگەڕایەوە درێغی لەو بوارەدا نەدەکرد. خوالێخۆشبوو (کافەی حاجی محەمەدی ڕەسوڵ)ی خێزانم لەگەڵمان بوو. لە سلێمانییەوە بەیانی بۆ دەهێناین و لە کۆبوونەوەدا ئێشکی بۆ دەگرتین، بەیانی بۆ دەشاردینەوە و بە زۆری نهێنییەکان و ئیشوکارەکانی دەزانین.

**ماوەی چەند لەناو ڕێکخستنە نهێنییەکان مایتەوە و کەی پەیوەندیت کردەوە بە شۆڕشەوە؟**

من هەر پەیوەندیم بە شۆڕشەوە هەبوو یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی لە دەڤەری پێنجوێن، تەسلیم نەبوومەوە یان نەچوومەتە دەرەوەی وڵات و شۆڕش بەجێبهێڵم، بۆیە ناکرێت لێم بپرسن (چۆن پەیوەندیت کردووەتەوە بە شۆڕشەوە)، بەڵکو

دەبێت بوترێت کەی پەیوەندیت کرد بە شۆڕشەوە.

لە سەرەتاوە ژمارەیەکی زۆری ڕێکخستنەکان گیران، بەڵام لە پێنجوێن سەرەڕای ئەو هەموو چالاکییە کەس نەگیرا. من لە مانگی ئابی ١٩٧٦ دا خۆم پاراست و شاردرامەوە لە سلێمانی ماوەیەک لە ماڵی خوالێخۆشبوو وەستا بەکری سەرتاش (دەلاک) خەزوری شەهید تاڵب ڕۆستەم و ماوەیەک لە گوندی کشکەوەی ناوقەدی تاریەر (٢٥) ڕۆژم بەسەربرد، لە پێنجوێن لەملاولا لە ماڵی خۆمان ماڵی حاجی عەبەڕەشی هەرگێنە خۆم دەپاراست لە پێنجوێن بەڕێز د. جەمیل سەید عەلی لەو هەڵمەتەدا بەرکەوتبوو هیچی لیهەڵنەکرێنرا بوو خۆی ڕاگرتبوو کە بەردرا هاتەوە سەر ئیشەکەی لە پێنجوێن و هەر لەو خۆشاردنەوەیەدا سەردانمکرد و باسی زیندان و هاوڕێیانی بۆ کردم، سوپاسم کرد و پێمووت ئیتر بە ئاشکرا بڕۆمە دەرەوە باشترە وتی خۆت هەر لە دەرەوەیت چۆن ئاوا بە ئاشکرا هاتوویتە ئێرە ئەمانە زۆر دڕندەن ئاشکرابوونت خراپە. ماوەیەک بەسەرمبرد و سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانم دەکرد، ئاسایشی پێنجوێن (ئەمن) باوکمیان بانگ کردبوو وتبووی لە بەغدایە ئەوان دەیانزانی وانییە، بەڵام هەر چاوەڕوانی دەستگیرکردنم بوون و لە ئاشکرا بوونمدا ئەو حەقەیان لە کەسوکارم کردەوە.

**ماوەیەک خۆشاردنەوە، مەترسی و دڵەڕاوکێ و پاشان وردە وردە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، جەنابت کەی بەتەواوی چوویتە دەرەوە و پەیوەندیت کردەوە بە شاخ و شۆڕشەوە؟**

ڕۆژی ١٩٧٦/١١/١٣ بەتەواوەتی پەیوەندیم کرد بە شاخەوە وەکو پێشتر نووسیومە پەیوەندیم نەکردەوە، بەڵکو پەیوەندیم

کرد، بۆیەش بە شاخەوە چونکە شۆڕش لە شاخەکان نەدەکراو لە دەرەوە دەکراو شاخیش کاریگەری باشی هەبوو بۆ شەڕکردن و خۆشاردنەوە و پشوودان و ماندووکردنی دوژمن. هەر من نا هەموومان حەزمان لە شەڕ و کاولکاری نەدەکرد، بۆچوون و لێکدانەوەی دوژمن ناچاری دەکردین، ئەگەر نەچوومایەتە دەرەوە دەگیرام و کێ دەڵیت خۆم پێ رادەگیراو و زیانم نەدەبوو، لەبەرئەوە کە نیازی خەبات و دژایەتی دوژمنە سەرسەختەکانم هەبوو لە شار بۆم مەیسەر نەدەبوو وەکو سەدان تێکۆشەر و بەتەنگەوەهاتووی دوارۆژی نەتەوەکەمان رێگەی شاخم گرتەبەر و سەرکردایەتیش دوای چوونە دەرەوەم زانیان دەنا فەرمانی ئەوان نەبوو. بەردەوامیم لە خەباتدا لەم رێگەیەوە بۆ خزمەتی میللەتەکەم و دژایەتی دوژمنە چاوچنۆکە دیکتاتۆرەکان زیاتر هانیان دەدام ئەوەندەی بۆم دەکرێت کەلێنێک پڕبکەمەوە و هەرواشم کرد، ئەو رێباز و شۆڕشەی کە لە کۆنەوە چاوەڕیمان دەکرد بیری ئازاد و دیموکراسیەتپەروەر و بەرەو چەپایەتییەکی گونجاو و سەردەمیانە هەنگاو هەڵگرێت بە بەرچاوەوە نمایش دەکرا بۆ ئێمەمانان مژدەبەخش و دڵخۆشکەر بوو، زیاتری هاندەداین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو جیاوازی بیروڕا و شێوەی ئیشکردنەی رۆژانە دەمانبینی بەشێکیانمان بە دڵ نەبوو، تێبینی زۆرمان لەسەریان هەبوو، نەدەبوونە هۆکاری نائومێدی ئەوەمان لا ساغ دەبوەوە کە هەموو حزب و رێکخراو و لایەنەکان وەکو یەک نین گرنگ ئەوەبوو هەموو دوژمنمان دەناسی و خەباتمان بۆ بەهێزبوونی شۆڕش دەکرد و خەڵکیش هەستیان بەو جیاوازی بیروڕا و هەستان و دانیشتنانەی دەکردین و کاریگەرییان لەسەرمان هەبوو.

**که چوویته شاخ یەکەمجار چیتکرد و چۆن دەستت پێکرد؟**

هەر یەکەم رۆژم لەسەر پردەکەی شێخەڵمارێن لە بناری کێوی لەرێ لە شارباژێڕ تووشی شەهیدان عەلی عەسکەری، مولازم ئەنوەر مەجید سوڵتان (مولازم سەلام) رەئوف بەگ رۆستەمی برای ئەنوەر و بەختیاری سەعید والی بەگ کە ئامۆزا و ژن برای کاک تایەری عەلی والی بەگ بوون، ئەحمەد چەقژی کە هەموویان شەهید کراون لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە زۆربەیان هاتن بەپیریمەوە. شەهید علی عەسکەری وتی ئەمشەو باسمان هەر تۆبوویت نەشهاتیتایە دەماننارد بە شوێنتدا و وتی بەکری حاجی سەفەر نەماو و بوویتە (سەردار) جیای کردمەوە و وتی دەزانم کۆمەڵەیت هیوادارم کاریگەریت هەبێت و هەتا رادێت دەبێت خۆت بگونجێنیت.

ئیتر هەموو پێکەوە جەولەمان دەکرد، لە شەڕەکاندا پێکەوە هەوڵمان دەدا من وەکو نوێنەری کۆمەڵە دەبینرام و هەتا رێکخستنەکانی پێنجوێنمان بە سلێمانییەوە بەستەوە بە نامە گۆڕینەوە سەرپەرشتیم دەکردن، ئەو نامە گۆڕینەوە و دەنگوباسی یەکتر وەرگرتنە لامان ئاسان بوو، رێکخستن و دۆستی زۆرمان هەبوو و پەکمان نەدەکەوت. بەڵام (سەردار) ناوییەکەم سەرینەگرت لە شلێر و شارباژێڕ هەموو ناسیاو بوون و هەر بەکرەکەی جاران بووم.

**وتت شەهید عەلی عەسکەری هەر لەسەرەتاوە باسی لەوە کردووە کە دەبێت خۆت بگونجێنی، لەگەڵ ئەوەی جۆرێک لە ناتەبایی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هەبوو، جەنابت هەڵوێستت چی بوو بەرانبەریان؟**

ناتەبایی لە هەلومەرجی وادا هەر دەبێت و پێویستە لایەنەکان ماوە نەدەن لەملاولاوە دەستیان تێبخرێت و کەسانی هەلپەرست و بێ ئاگا ئەو هەلە بقۆزنەوە. لەو رۆژگارە بەسەرچووانەدا هەر لایەنەکان نا، بەڵکو خۆشمان وەکو (ی.ن.ک) ناتەبایی گێرەشێوێنمان لەناودا هەبوو ئەوەندەی دەمانتوانی نەماندەهێشت گەورە ببێت و دوژمن کەڵکدار بکات، من (ی.ن.ک)م خۆشدەویست و لەپێناویدا رەنجی پڕوکێنەرم داوە، تەنیا بەرژەوەندیم ئەوەبوو کارەکانم لە خزمەتی شۆڕشدا مەیسەر ببێت و لەکاتی خۆیدا بۆچوونەکانم بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە نەشاردووەتەوە ئەگەر واش بووبێت برادەران زویر بووبن ئەوەندەی پێم کرابێت هێور بوونەوەم هەڵبژاردووە و پاراستن و سەرکەوتنی یەکێتیشم بە ئەرکی هەرە گەورەی خۆم زانیووە هەرچەندە لە هەموو بوارەکانی ئیشکردنمدا سەرکەوتن و گرنگی یەکێتیم خستووەتە پێش هەموو شتێکی ترەوە و پشتگیریم بۆ پەیدا کردووە و شەڕیشم لەسەر کردووە، بەڵام ئەوەندەی بۆم کرابێت و دەرفەتم بۆ هەڵکەوتبێت لایەنگری شەڕ و پێکدادان نەبووم لەگەڵ لایەنەکانی تر و خۆسەپاندن و داگیرکردنی مەیدانەکەشم قبوڵنەکردووە لەکاتی دەسەڵات و بەرپرسیمدا بە هاوکاری برادەران و جەماوەری ناوچەکە نەمانهێشتووە مافەکانی (ی.ن.ک) پێشێل بکرێت لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەوڵی برایەتی و نەهێشتنی ناکۆکییەکان و بەدەم یەکەوە چوونیشم بە ئەرکی هەرە گەورە زانیووە.

بۆ سەلماندنی ئەو هەڵوێستەم ئەم نووسینەی بەڕێز سەید کاکەتان نیشان دەدەم کە کاک عادل موراد بۆی گێڕاوەتەوە، ئەویش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا و لە پەرتوکێکی (٤٠٠) لاپەڕەییدا بەناوی (بیرەوەری پێشمەرگەیەک) و لە لاپەڕەی (١٦٤)دا وەکو خۆی لە

زمانی عادل مورادەوە نووسیویەتییەوە کە باس لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دەکات لە شەوی ١٩٧٩/٤/١٠/٩ دا لە خرپی ناوزەنگ ئەو کۆبوونەوەیە کراوە بەئامادەبوونی عادل موراد. پێویست ناکات نووسینەکەی سەید کاکە بنووسمەوە ئاماژەم بە شوێنەکەی کردووە. ئەمە لە دوای شەڕە گەورەکەی ١٩٧٩/٣/٢١ ی دزڵی بوو کە کاک سالار عەزیز و بەندە سەرپەرشتیمان دەکرد و نەمانهێشت لە هیچ لایەک کەس شەهید بێت.

دەربارەی ئەو وەزعە نالەبارە کە بە دڵی زۆربەمان نەبوو ناچار دەکراین و بەرگریش لە (ی.ن.ک) لای ئێمەومانان لەو سەردەمانەدا نەک بە ئەرکە هەرە گەورەکانمان دەزانی وەکو هەڵمژینی هەوا بە پێویستی ژیانمان دەزانی و ئەم ئەرکە قورسەش لە هەموو رووەکانەوە بە تەنیا لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و ئەورووپا و ئەملاولاکردنەوە مەیسەر نەدەکران هەر لە سەرەتاوە لقەکان و هەرێمەکان و تیپەکان و مەڵبەندەکان و پێکهاتەکانیشیان لە بادینان و هەولێر و کۆیە و کەرکوک و گەرمیان و قەرەداغ و شارەزوور و هەورامان و شلێر و شاربازێڕ و دۆڵی جافایەتی و کون و قوژبنی ئەم کوردستانە خەمخۆر و پارێزەر و پاسەوانی بێ پشوو رەنجدەرێکی پڕوکێنەر و دڵسۆز و خۆنەویست بوون و (ی.ن.ک)یان دەپاراست، پەیامەکانیان دەگەیاند، پێگەیان بەرزدەکردەوە، ئەو هەموو پیلان و دژایەتییەیان وەڵام دەدایەوە و پاراستنی سەرکردایەتی و قایمترکردنی سەنگەرەکانی دەوروبەریان لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە بوونایە بە تەواوکەری ئەرکەکان و ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی ستراتیژ و بیرکردنەوە و دارشتنی بەرنامە و سەرپەرشتی گونجاوی سەرکردایەتییەکەی دەزانی. هەرچەندە سەرکردایەتی هەوڵی دەدا پێویستییەکانیان،

تەقەمەنی، خواردەمەنی، جێگەوبان، هۆکانی گواستنەوە فەراهەم بکرێت، بەڵام ئەو کەسانە ئەوەیان لەبیرە کە تێدا ژیاون مەگەر هەر پێشمەرگەکانی ئەو رۆژگارانە ئەو خۆڕاگریەیان لە ئەستۆ گرتبێت کە خۆیان بەشانازییەوە هەڵیانبژارد بوو.

کەوابوو دەبێت بیرمان ژێریمان ئەوەی لا سەلماندبین دەبا هەر بەرانبەر کۆپتەر و سوپا و جاش و جاسوس ببینەوە، دەبا هەر ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستان ببینین، دەبا هەر بیرمان لای دەربەدەری و ماڵ و منداڵ و کەسوکاری ناو زیندانەکانی خوارووی عێراق بێت، دەبا هەر بیرمان لای زیندانە پڕ لە ئەشکەنجە و پەتی گەردنی شەهیدە بێ دەرەتانەکان بێت. ئیتر بۆ سەنگەر لە یەکتر بگرین و رۆژ بە رۆژ سەرگەردانییەکانمان لەهەڵکشاندا بێت. هەموو ئەوە دەزانین کەڵکی نییە، برسیتر، رووت و قوتتر دەبین، دوژمن سوودمەندتر دەبێت، بەڵام چارە چییە: خۆسەپاندن، بەرژەوەندی پاراستن، هەست بە لێپرسراویەتی دوارۆژ نەکردن رایان دەکێشاین و خۆمان لەو سیناریۆ نەشیاوانەدا دەبینییەوە.

هیوادارین چاو لەو رێگەیە دانەبڕین کە یەک بەیەکی زیان و سەرگەردانییەکانی ئەو رۆژگارانەمان نیشاندەدات و جارێکی تر ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازەکان لەو قاڵبە دزێوەدا خۆی نمایش نەکاتەوە و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەمان تەنیا دروشمی خۆسەپاندن نەبێت و هەموو لایەک لەو ئاستەدا دڵسۆزانە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ و هاوکاری یەکتربن.

## کەواتە لە شاخ بەشداری شەڕی ناوخۆت کردووە؟

شەڕی ناوخۆ یەکێک لە ئاواتەکانی دوژمنان و وێرانکەری

ماڵی کوردە، بەداخەوە هەموو لایەنەکانی کورد کەم و زۆر بەشدارییان تێدا کردووە، ساڵی ١٩٨٣ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران شەڕ و ئەرکیان تا دەهات گەورەتر دەبوو ئیتر هەموو هاتنە ئالان و بناری شاخی (هۆملی) سەردەشت بەدیوی چەمی کەلۆێدا، دەنگوباس بڵاوکرایەوە کۆمەڵە و دیموکرات شەڕیانە، ئێمەش لە دۆڵی خۆشناوەتی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیمان هەبوو بڕیاردرا وەفدێک بنێرینە لایان و ئەم کارەساتە بەسەر خۆیاندا نەبارێنن، بڕیاریان لەسەر کاک فەرەیدون عەبدولقادر و کاک ئەرسەلان بایز و بەندەدا کە چووینە لایان وانەبوو شەڕیان نەکردبوو، بەڵام گلەیی و گازندەیان لەیەکتر حساب نەدەکرا. بەجیا لەگەڵ هەموویان دانیشتین لەبیرمە لەکاتی قسەکردن و زیانەکانی شەڕی ناوخۆدا کاک فەرەیدون بە شەهید عەبدولڕەحمان قاسملووی ووت هەر هیچ نەبێت پەڕۆیەک لە ئێمە دابدڕن.

ئەو شەڕە هەمووومان بە وێرانکەر و دزێومان ناو دەبرد و دەشمانکرد. منیش سەرەڕای ئەوەی بەهیچ شێوەیەک بە باشم نەدەزانی، بەڵام ناچار دەکرام لە شەڕەکانی رەزڵەو تاریەر و دزڵی دستبکەمەوە و هێزەکانی (ی.ن.ک) بپارێزم لەکاتی هێرش و گەرمەی تەقەکاندا هەرچەند ئێمە توندوتۆڵ و زاڵ بووین هەر لە هەوڵی هێورکردنەوە و هێرشنەکردندا بووم، دیلەکانم دەپاراست و تورەکانم ئارام دەکردەوە.

دەبێت ئەو هیوایە بخوازین ئەو نەگبەتییە رووومان تێنەکاتەوە و بیخەینە ریزی پێشەوەی ئەو بەسەرهاتە هەرە دزێوانەی رووبەڕووی میللەتەکەمان بۆتەوە و کاریگەری نەخوازراوی لەسەر بزووتنەوەی کوردی بەجێهێشتووە.

**زیاتر بواری پێشمەرگایەتیت بۆ خۆت هەڵبژارد یان لە بوارەکانی تریش کارت دەکرد و پێت سپێردراوە یان شەرت بۆ بەدەستهێنانی بەرپرسایەتی کردووە؟**

ئیشکردنمان لە سەرەتاوە هەموو پێکەوەبووین لە شەڕەکاندا هاوکاربووین. بارەگا و شوێنی پشوودانمان نەبوو تا جیاوازی لەنێوانماندا دروستبکات. ئەوکاتە لقمان هەبوو لەپێشەوە لەگەڵ شەهید ئەحمەد فەتحوڵلا کارگێڕی لقی یەک بووین واتە سلێمانی و شەهید د. خالید لێپرسراوی لقەکە بوو. کرامە لێپرسراوی لقەکە و شەهیدان مامۆستا غەفور ژاژڵەیی و پێشڕەو خانەقینی کارگێڕ بوون، هەروەها ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتیش بووم، ئامر هەرێمی سێ لەدواییدا لێپرسراوی مەڵبەندی یەک و لەکاتی ئەنفالی یەکدا سەرپەرشتی شەڕگەکانی بەشێکی سەرکردایەتیم دەکرد.

حەقە ئەو پرسیارەی دەربارەی شەڕکردن لەسەر پلەوپایە کردبێتم لەخۆم نەپرسن بەداخەوە مام جەلال ئاوا بەسەر تەندروستیدا هاتووە و کاک نەوشیروان لێتانەوە دوورە دەنا لەوانتان بپرسیایە، چونکە ئاگاداری تەواوی ئیشوکارەکانمانن. بەڕێز مولازم عومەر بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و زۆر بێ منەتیش بوو لەلای هەمووومان ڕێزی تایبەتی گرتبوویەوە لە ١٩٧٦ ەوە ئاگاداری ئیشەکانمانی دەکرد و پەیوەندی شەخسیمان هەبوو لەو بپرسن ئەو سەردەمانە لەگەڵ مەلا بەختیار پەیوەندی برایانەمان هەبوو ئێستا لە حزبەکەدا دەسەڵاتی فراوانی هەیە.

خەڵکی وەکو ئێمە ئەگەر خۆم وەڵام بدەمەوە لێپرساو بووینایە و نەبووینایە جێگەی خۆمان لەناو خەڵکدا هەبوو، ڕێزی ئەرکەکانمان دەگرت، بەڵام شەڕمان لەسەر نەدەکرد زۆرجار کە

ئیشیان پێ دەسپاردین وەرمان نەدەگرت و دەمانووت با فڵانە برادەر بیکات، هەرگیز شک نابەم و نەبووە لەسەر پلەیەک شەڕ بکەم، ئەم دیاردەیە لەم دواییەدا لەناو کەسانی ماندوو نەبوو و تەکەتول و عەشیرەتبازییەکاندا سەریهەڵدا و بەدڵنیاییەوە لەئەنجامدا (ی.ن.ک) قازانجی تێدا ناکات.

## ئەنفال: جینۆسایدی کورد

**ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس جینۆسایدی ئەنفالی کرد ئێوە لەکوێ بوون و چیتاندەکرد؟**

ئەوکاتە بەخۆم و منداڵەوە لە چخماخ بووین سەرپەرشتی بەرەکانی دۆڵەڕووت و باڵخێ و گاپیلۆنم دەکرد لە گەرمەی شەڕەکاندا بەشێکی بەرەکانمان گۆڕی و مەڵبەندی یەک جێگەیان گرتنەوە، کاک شێخ جەعفەر لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندەکە بوو لەگەڵیان هات و خۆی بەوریایی سەرپەرشتی دەکردن و ئەرکی من ئاسانتر بوو. کاک نەوشیروان ٣/١٤ جوابی بۆ ناردم کە با ئیتر منداڵەکان لەوێ نەبن و هیچ خێزانێک نەماوە هەر ئەو ڕۆژە ڕەوانەم کردن و خۆشمان ٣/١٧ پاشەکشەمان کرد بەرەو شاناخسێ و لەوێشەوە بۆ ئێران.

**ئەوە کاتی ئەنفالی یەک بوو؟**

ئەنفالی یەک بۆ سەرکردایەتی و دەوروبەری بوو، ماوەیەک بەرگری و شەڕی سەخت روویدا و لەکشانەوەدا چووینە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەئارەزووی خۆمان چووینە شارەکان. ماڵی ئێمە لە سەقز خۆمان گرتەوە هەتا ڕاپەڕینە مەزنەکە لە سەقز ماینەوە و دەوری شەش سەد ماڵێکمان لەوێ بووین.

- راپەڕین دەروازەی ئازادی و چنینەوەی دەستکەوتەکان بوو

# راپەڕین و بۆنی ئازادی

**پێش راپەڕین پلان دادەنرا بۆ ئازادکرنی شارەکان، ئەمە وەکو هەندێک کەس دەڵێن راپەڕینەکە هەڵچوونێکی عەفەویانەی خەڵک بوو؟**

پێش راپەڕین لە سەقزەوە نێردرامە کرماشان بە ئیشوکاری تایبەتی سەربازی، جارێک کاک نەوشیروان بۆی نووسیم بگەڕێمەوە ئیشیان پێمە لە زەڵێ بینیم و شەوێک پێکەوەبووین کۆمەڵێک نامەی ئەمدیواودیو دەکرد و دەیدامێ بیخوێنمەوە، نامەی ژمارەیەک خەڵکی باش و پێشمەرگەی مەفرەزەکانی خوارەوە و چەند جاش و سەرۆک جاش و پیاو خراپیشی تێدابوو. هەموو ئەو نامانە لەوەدا خۆیان دەنواند کە ئامادەکاری بکرێت بۆ راپەڕین. ئەوەی لەبیرمە دوو نامەی مەلا محەمەدی حاجی حاجی برایمیشیان تێدابوو کە مەلا محەمەد باسی لە گەڕانەوەی حاجی حاجی برایم دەکرد لەناو پارتییەوە بۆ ناو یەکێتیی.

کە ئەو نامانە و ئەو هەڵوێستانەم بینی زۆر خشحاڵبووم وتم ئەم هەموو خەڵکەمان لەگەڵن، کاک نەوشیروان باسی ئەوەی بۆ کردم هەر ئەمە نییە و لەهەموو ناوچەکاندا ئەو کارەمان ئەنجامداوە و لایەنگرێکی زۆری خەڵک لە ئامادەکاریدان بۆ راپەڕینێکی گشتی، چەند پرسیارێکم لێکرد هەمووی بەگەشدارییەوە وەڵامدامەوە و باسی ئەوەشی کرد لە زۆربەی ناوچەکان پێشمەرگەی شارەزا و کادری وریا رەوانە کراون لەگەڵ رێکخستنەکان تەنسیق بکەن و ئامادەکاری بۆ ئەو مەبەستە بکەن. بەڕاستی ئامادەکاری کاری بۆ دەکرا

و هەلومەرجەکەش لەباربوو بەعسییەکان دوای شەڕی ئێران تووشی ئەو لە خۆباییبوونەی کوەیت هاتبوون و بەو شکستە گەورەیەوە ناچاری پاشەکشە و زیانێکی گەورە هاتن، ئیتر قۆستنەوەی ئەو هەلە پشتگوێ نەخراو کەڵکی لێ وەرگیرا. ڕاستە بەشداربووانی ڕاپەڕینە مەزنەکە لە ناوچە جیاجیاکاندا خەڵکانی بێ بەرنامە و عەفەویشی تێکەڵ دەبوو، بەڵام بەرنامەڕێژیشی بۆ کرابوو.

## ئەوە تەنیا یەکێتی بوو یان پەیوەندی و هاوکاریتان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیش هەبوو؟

پەیوەندی هەموو لایەنە سیاسییەکان لەو ڕۆژگارەدا باشبوو بەرەیەکیان هێنابووە ئاراوە و ڕۆژنامەیەکی هاوبەش دەردەچوو، هاتووچۆی یەکتر و گفتوگۆ لەسەر پێشهاتە سیاسییەکان دەکرا. بەکورتی پەیوەندی هەموو لایەنەکان لەناو خۆیاندا و لەگەڵ یەکێتیش دڵخۆشکەر بوو.

بۆ بەرنامە دارشتنی ڕاپەڕینیش یەکێتی ئەوەندەی دەردەکەوت سەرقافڵە بوو هاوکاری هەموو هێزەکانی دەکرد و ئێستەگەکەش کە بە تەنیا دەنگی دەبیسترا و جەماوەری هاندەدا هۆکاری گەیاندنی دەنگوباسەکان و گەیاندنی فەرمانەکان بوو. لایەنەکانی تریش بە پارتیشەوە بەهۆی ئەو ئێستگەیەوە ئیشوکارەکانیان ئەنجام دەدا. ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە لایەنە سیاسییەکان لەناوخۆیاندا تەبابوون و یەکێتیش لەپێش هەموو لایەنەکانەوە گەیشتە مەیدانی ڕاپەڕینەکان و هاوکاری دەکردن.

**جەنابت بۆ یەکەمجار لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک مەسعود گەیشتیتەوە ناو شاری رانیە؟**

بەڵێ یەکەمجار رۆژی ٣/١١ لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک مەسعود لە قاسمەڕەشەوە هاتینە رانیە و بۆ شەوەکەی کاک نەوشیروان لەوێ مایەوە، بەڵام کاک مەسعود بەرەو خۆشناوەتی و دەوری هەولێر بەڕێکەوت و ئێمەش بەرەو سلێمانی. تاریک و بێ کارەبا بووین کە گەیشتینە سلێمانی و چووینە هۆڵی (رۆشنبیری) سەرسام دەبووین چۆن ئاوا بێترس و کێشە هاتووینە سلێمانی، هەستم بەخۆشی و دڵکرانەوە دەکرد، ئەوەم لێکدەدایەوە رەنج و ماندووبوونمان بەفیڕۆ نەچووە و ئەو هەموو فیداکاری و زەرەر و زیانەی تووشمان هاتن لە ساڵانی شۆڕشدا بەرهەمی هەبوو. ئەنفال و کیمیاباران و دڕندەیی دوژمنەکان مەرامەکانی نەهێنانەیەدی و ئەگەر لایەنە سیاسییەکان خەباتیان یەکبخەن و بە ئامانجە سەرەکییەکانی کوردەوە خەریکبن و بەرژەوەندی میللەت بخەنە پێش هەموو شتێکی ترەوە سەرکەوتنەکان زیاتر دەخەملێن و ناحەزەکان رسواتر دەبن، خۆشیەکەی هێندە خۆش و بایەخدار بوو نرخاندنی ئەستەمە.

لە ناخەوە حەزمان بە بینینی هەموو شوێنەکان دەکرد و بە تەنیا لەسەر یەک شوێن پێمان دانەدەگرت، من نەمدەزانی ئیشەکانم ئەنجام بدەم: سەردانی گۆڕی شەهیدان بکەم و کەسوکارە بەڕێزەکانیان بەسەر بکەمەوە، کەسوکار و هاوڕێ و دۆستەکانی خۆم دڵشادتر بکەم، ئەو بەندیخانە ببینم کە کەسوکار و تێکۆشەرانی تێدا گل دەدرایەوە، پێنجوێن لە ئامێز بگرم؟ نەمدەزانی چی بکەین. هاتینە سەرئەوەی سەرقاڵی ئیشەکانمان بین بە پێکەنین و خۆشحاڵی و ورەی بەرزەوە

بچین بەدەم خەڵکەوە ئیشوکارەکان ئەنجام بدەین.
گرنگترین لێکەوتەمان وەها دەبینی سەربەرزانە گەڕاوینەتەوە، بەڵام هەموو شتێک کۆتایی نەهاتووە لەم سەرەتایەوە پێویستمان بە یەکرێزی و سەرنجی ورد و خۆنەسەپاندن و لەخۆبایی نەبوون و بەخۆداچوونەوە و ماوەنەدان بە گیرفان پڕکەران و لێپرسینەوە و دانانی کەسانی شارەزا لە بوارەکانی ئیشکردندا، دانانی پلانی گونجاو بۆ ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان. ئەگەر سەرەتای دەستبەکاربوونمان بەو شێوەیە دەستپێبکات و لەپێناو خزمەتی نەتەوەکەماندا لەسەری ڕادێین و کێشەکانمان کەمتر دەبنەوە و میللەتەکەشمان خۆشحاڵتر و هاوکارترمان دەبن و سەرکەوتنەکانمان ئاسانتر دەبن. ڕاستە ئەم جۆرە ڕەوشانە بێ کێشە نابن، بەڵام ئەو شێوازە وا دەکات زۆربەی کێشەکان و کەموکوڕییەکان بەرەو چارەسەر ببرێن و ڕۆژانە کەڵەکە نەبن، بەدڵنیاییشەوە پێچەوانەکەی زیانبەخش دەبێت و زیاتر ماندوومان دەکات. زۆر بەداخەوە هەرچەندە کاری باش و خزمەتگوزاری و ئاوەدانی هەموو لایەکی گرتۆتەوە، بەڵام کەم و کوڕییەکان و پێچەوانەکانی ئەو مەرجانەی سەرەوە بە ئاشکرا دەبینرێن و لە هەندێک شوێن گرنگیان پێنەدراوە. ئەو شێوازەش وایکردووە بەربەرەکانێکان بقۆزرینەوە و گەورەتر بکرێن و ماندووبوون و بێزاری بەشێوەیەک بێت هەوڵی ئەوە بدرێت دان بە هیچ کارێکی باش و خزمەتی ئەم وڵاتەدا نەنێن و جار جار بێدەربەستانە و بە ئاشکرا دەوترێ (هەر هیچ نەکراوە) کە بەڕاستی وەکو چۆن بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت و خۆسەپاندن و پشتگوێخستنی داواکارییە ڕەواکان و جیاوازییە بەرچاوەکان چۆن بێ ویژدانین ئەو توندوتیژی

بێدەربەستی و شێواندنەش هەر بێ ویژدانییە و هەموو لایەک پێویستیان بە بەخۆداچوونەوە و بەدیقەت سەیرکردنی ڕەوشەکە هەیە کە بەو شێوەیە گۆڕانکارییەکان ڕەنگی خۆیان دەدەنەوە و کێشەکان چارەسەر دەکرێن و ئاهێکی ئارامی خەڵکەکە دەگرێتەوە.

## دوای ئازادی و بەرەی کوردستانی چی ئەرکێکت پێسپێردرا؟

لەپێشەوە باسمکردووە ئێمە ۳/۱۱ لەگەڵ بەڕێزان کاک مەسعود و کاک نەوشیروان لە قاسمەڕەشەوە بەرەو ڕانیە هاتینە خوارەوە، ئێمە لەگەڵ کاک سەلاح چاوشین و کاک زیرۆ و کاک نەبەز و کاک دارای تۆفیق ئاغا و کۆمەڵێک پێشمەرگە شەوی ۳/۱۲/۱۱ گەیشتینە سلێمانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری دابەزین. نازانم بڵێم چۆن بوو چەند خۆش بوو!! بۆ سبەینێ لیژنەیەک بۆ سەرپەرشتی پێشمەرگەی سلێمانی و ڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ و کەرکوک. کاک شۆڕش ئیسماعیل و کاک زیرۆ و من کرامە لێپرسراوی لیژنەکە بارەگامان بەرانبەر زیندانی سلێمانی دانا لەسەرو نەخۆشخانەی سلێمانییەوە هەتا شەڕ دەستیپێکردەوە چووینە هەڵەبجە و دوای دوو شەو چووینە پێنجوێن و سەرپەرشتی ئەوێم دەکرد. بەڕێز مام جەلال لەو ماوەیەدا ۲-۳ جار سەردانی کردین، پێنجوێن یەکێک بوو لە شوێنە هەرە قەرەباڵغەکان و ئاوارەیەکی زۆری لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردبوو. دوای ئەیلولی ئەو ساڵە بەماڵەوە هاتمە سلێمانی لە ساڵی ۱۹۹۲ پەرلەمان هەڵبژێردرا و بوومە ئەندامی ئەو پەرلەمانە یەکەم پرۆسەی پەرلەمانی بوو، کێشەی زۆری هاتە ڕێگە شەڕی ناوخۆ بە کێشە هەرە دژوارەکانی

پەرلەمانەکە ئەژمار دەکرێت و ئاڵۆزی شەڕەکانی ناوخۆ بوونە ڕێگری هەڵبژاردنەکە، بۆیە تەمەنەکەی زیاتر لە پێویست درێژەی کێشا.

**ئەگەر قسەیەکیش لەسەر کۆنگرەکان بەتایبەت دوا کۆنگرەتان بکەین، چۆن ئەو کۆنگرەیە هەڵدەسەنگێنی؟**

کۆنگرەی سێ کۆنگرەیەکی قەرەباڵغ و فراوان بوو و ژمارەیەک ژن هەڵبژێردران بۆ سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند، ئەمەیان کارێکی باش و سەرکەوتووانە و حسابکردن بۆ ژنان و ڕچە شکاندنێکی سەردەمیانە بوو، بۆ یەکەمجار لەناو (ی.ن.ک) و تێکڕای حزبەکانی تریشدا ئەم دیاردەیە خۆی نواند. هەموو کۆنگرەیەک لەم وەزعەدا و لەناو ئەو گێرەوکێشانەدا بێ ناڕەزایی و گلەیی و گازندە نابێت و زۆربەی جەماوەری یەکێتیی بە تەمای ئەوەبوون سەرکردایەتییەکی تازەتر بێتە ئاراوە کەچی وا دەرنەچوو هەر خۆیان و بە هەڵبژاردن سەرکردایەتییە کۆنەکەیان هەڵبژاردەوە کە تەنیا یەک ئەندامی کۆن دەرنەچوو ئەگینا هەموو دەرچوونەوە بە ژمارەیەک هەڤاڵی تازەشەوە لەناو ژن و پیاودا.

لەناو کۆنەکاندا بەڕێز د.فواد مەعسوم خۆی کاندید نەکرد و بۆ سەرکردایەتی و هاتە ئەنجومەنی ناوەند و دەنگێکی زۆری هێنا، بەڕێزان د.کەمال فواد و عادل موراد خۆیان هەڵنەبژاردەوە کە پیربوون و نەخۆشن ڕێزیان لێگیرا و سەر و گوڵ کرایە ملیان. من لەبەرئەوەی ئێستا پەیوەندیم بەو حزبەوە نەماوە لەمە زیاتر لەسەر کۆنگرەکە باسناکەم، بەڵام هەرگیز حەز بە شکستی یەکێتیی ناکەم.

## چۆن و لەسەر پێشنیاری کێ کرایتە سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند؟

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیدا بڕیار لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەندی درا، بەڵام هەڵنەبژێردرا و خرایە پشتگوێ، لە کۆنفرانسەکەی پێش کۆنگرەی سێدا ئەو لاپەڕەیە هەڵدرایەوە و دوای کۆنفرانسەکە سەرکردایەتی خۆیان بە ئاگاداری بەڕێز مام جەلال ئەنجومەنەکەیان دانا، کەسەکان خۆیان دەستنیشانیان کردن و منیش دانرام. ئەو ماوەیە تا کۆنگرە ئەنجومەنەکە ئیشی باشی دەکرد و خۆمان بە هەڵبژاردن کاک سامان گەرمیانیمان کردە سکرتێر و زۆربەمان هاوکاریی باشمان دەکرد و کەسایەتی زۆر گونجاو و بەڕێز و بە توانا و خاوەن هەڵوێستی تێدابوو، گوێم لێنەبوو یەکجار باسی پارە بکرێت باسی خانەنشینی و ئۆتۆمبێل و ئیمتیازات بکرێت، باسەکان هەموو لە دەوری بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی و چارەی کەم و کورپییەکان و پێشنیاری پەسند و رەخنەی بەجێدا دەسوڕانەوە.

کە کۆنگرەی سێیەمی (ی.ن.ک) بەسترا هەر من نا چەند هەڤاڵێکی تریش ئەو ئیشوکار و هەڵوێستەی ئەنجومەنی رابردوو وای لێکردین خۆمان بپاڵێوین بۆ ئەنجومەنەکە کە بەداخەوە بەشێک لەو هەڤاڵانە دەرنەچوون بەڕاستی ئەوە بۆ ئەنجومەنەکە و بۆ سەرکردایەتیش بە زیان گەڕانەوە. ئەنجومەنەکە لە ١٠١ کەس پێکهات کە ٨١ کەسیان بە هەڵبژاردن و ٢٠ کەسەکەی تریش بەڕێز مام جەلال دایان بنێت لە خەڵکی تێکۆشەر و شایستە و رەچاوی دەڤەرەکانیشی تێدا بکرێت.

دوای کۆنگرە چووینەوە ئەنجومەنەکە کە بارەگاکەی لە بارەگای (م.س)بوو یەکەمجار کۆبوونەوەمان کرد کرامە

سکرتێر وەکو بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەن و دوای نزیکەی مانگێک هەڵبژاردن کراو بووم بە سکرتێر و بەرنامەمان دانا و چوارده کۆمسیۆنمان هەڵبژارد هەر یەکە لە بوارەکانی خۆیاندا ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن هەر لەو هەڵبژاردنەدا دوو جێگر و بڕیاردەریشیان هەڵبژارد و دەست بەکاربووین.

## کێشەکانی سەر ڕێگای ئیشکردنت چی بوون؟

کار و لێپرسراوێتی زۆر کەمە کێشە و گرفتی نەبێت بەتایبەتی لە وەزعێکی ئاوا و لە ناو ریزەکانی یەکێتیشدا کە زۆر بە ئاشکرا هەنگاو بە هەنگاو درکی پێ دەکرێت و ناڕەزایی بڵاودەبێتەوە تا وای لێدێت جار جار راستی وتن و دیاریکردنی هەندێک کەموکوڕی لەسەرت دەکەوێت و باجەکەی یەخەت دەگرێت.

بەشبەحاڵی خۆم لە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونمەوە هیچ مەبەستێکم نەبووە بێجگە لە خزمەتی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەوەندەی هۆشم بڕی کردبێت راستییەکانم دەرخستووە بۆ کەمبوونەوەی کێشەکان. ناتەواوییەکانم ئاماژە پێداوە بۆ چارەسەرکردنیان، وەکو پێشتر ئاماژەم پێداوە نامەوێت هەندێک بابەت بوروژێنم هەم دەربارەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی هەم لەناو ئەنجومەنەکەشدا، بەڵام خۆ من شێت نەبووم هەروا لەخۆمەوە ئەو رەنج و ماندووبوونەم لەو حیزبەدا بەبا بدەم دیارە ئەمە هۆکاری خۆی هەیە.

کاک ئیبراهیم جەلال جێگری دووەمی ئەنجومەنەکە بوو کتێبێکی نووسیوە کەی پەیوەندی بە منەوە هەیە لە کۆنگرەدا چەند دەسەڵاتێک دراوە بە ئەنجومەن کەی تاوانی منە و ئەوە

بڕیاری گەورەترین دەسەڵاتی حیزبەکەیە کە کۆنگرەیە فڵانە کەس بەبێ ئاگاداری ئێمە مۆنیکا لە (م.س) و ئیدارەی گشتی وەردەگرێت و بێ ئۆتۆمبێلەکانیش واقیان وڕدەمێنێت بۆ حەقم نەبێت رەخنەیەک بگرم؟ خۆ کۆنگرەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نەبووە ئەم و ئەو دەرچن ئەگەر شایستەی ئەو شوێنە نین بۆ رێگەیان پێدان چەندمان هەوڵدا ئەو ژمارەیە ١٠١ کەس زۆرن بۆ سەرینەگرت!

هاوکاریکردنی مەکتەبی سیاسی ئەگەر مام جەلال ئامادەنەبوو ئەوان هاوکارمان بن بۆ خراپە. ئێمە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوین چاودێربین و هەوڵی نەمانی کەموکوڕییەکانمان بێت ئەم مەرامە پێویستی بە هاوکاری هەیە ئیتر بۆ پێشنیارمان نەبێت و رەخنەی دروستکەر نەگرین ئەو هەموو ئەفسەرە لە کەرکوکەوە دێنە لامان و سکاڵا دەکەن کە غەدریان لێدەکەن و رەفیقەکانیان لەلایەکی تر هەموو شتێکیان بۆ کراوە بۆ لەسەریان هەڵنەدەین.

کێشەمان هەبوو کە دەچوومە ئەردەن و ئەڵمانیا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی خوالێخۆشبووی خێزانم و خۆم تا دەگەڕامەوە کێشەکان پتر دەبوون زۆر لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە دەیانوت کێشەی نێوان هەردوو جێگرەکە کە دوو کەسی ماندوو و خەباتکەر بوون و لەپێناوی کوردایەتیدا ئەوەی پێیانکرابێت کردوویانە، بەڵام دڵنیام تۆ باجی ئەو ناکۆکیانە دەدەیت.

من هاتبوومە سەر ئەو بڕوایەی واز لە سکرتێری ئەنجومەنەکە بێنم، بەڵام بیخەمە دوای کۆچی دوایی خێزانمەوە کە دەمانزانی دەمرێت بەو نەخۆشییە، بەڵام نەگەیشتمە ئەو مەبەستە و وازم هێنا.

**بەڵام ئەوەش دەوترێت کە جەنابت کەمتەرخەم بوویت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانتدا؟**

چەندجار لێپرسراوی داراییمان پێی دەوتم کاک بەکر شتێک هەیە پێم بڵێ، دەموت بەسەرچاو فەرموو دەیوت توخوا پێم بڵێ ئەو ئاوە لەکوێیە کە لە جیاتی بەنزین دەکرێنە ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆوە با ئێمەش کەڵکی لێوەربگرین، تێگەیشتم دەڵێت بۆ وەسڵت نییە تا پارەی بەنزین و مەسرەف و هاتوچۆت بۆ سەرف بکەین. وەڵامم دەدایەوە کە دڵیشم بۆ یەکێتی و ئەنجومەنەکەیە.

وایە کەمتەرخەمی لەوەدا بوو کاتی خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانی شەوی وا هەبوو کاک مەلا بەختیار کاتژمێر ۱۰ تەلەفۆنی بۆ دەکردم لە ئەنجومەن بووم. با ژمارەیەکی ئەندامانی ئەنجومەنەکە زۆر کەمیشبن ئیشوکار و هەڵوێستی ئەو رۆژانە بگێڕنەوە.

وایە کەمتەرخەمیم لەوەدا بوو هەرچی داواکاری و پێشنیاری سوودبەخش و راستگۆیانە و کەموکوڕییەکان هەبوون دەمانخستنە بەردەم بەڕێز مام جەلال و (م.س) و راشکاوانە راستییەکانمان بۆ روون دەکردنەوە.

حەق وایە بەڕێزانی ئەنجومەن ئەرشیفەکانیان بگێڕنەوە بزانن کام کەموکوڕی و داواکاری و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە هەیە بەوپەڕی راستییەوە نەمانگەیاندبێتە سکرتاریەت و (م.س) زۆرجاریش دەماننارده بەغدا و پاش کەمێک ئاگاداریان دەکردینەوە نامەکەتان گەیشت. ئەو نامانە هەموو لە ئەرشیفەکەی ئەنجومەندا دەبێت پارێزراوبن.

وایە کەمتەرخەمیم لەوەدا بووە لەگەڵ هەموو دەزگاکانی

یەکێتی هەوڵی تەبایی و هاوکاریکردنی یەکترمان دەدا. نازانم ئەو ئەرکانەی کەمتەرخەمیم تێدا کردووە کامانە بوون؟ بیرم هاتەوە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی بەڕێز عادل موراد سەردانیان کردم بۆ ماڵەوە لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی و بڕیاردەریش هەرسێ کوڕەکەم دانیشتبوون کاک عادل پرسیاری کرد ئەمانە کێن وتم کوڕەکانمن و ناوەکانیانم پێوت وتی چۆن ئەوانە کوڕی تۆن؟ وتم بۆ خۆ داگیریاننەکەم هەرسێکیان کوڕمن، برادەران پێکەنین کاک عادل وتی ئەی کوا مۆنیکاکانیان کوا کۆمپانیاکانیان بۆ تائێستا ئاگام لە هەستان و دانیشتنیان نییە لە هیچ رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنێکدا ناویان نەهێنراوە ئیتر چۆن دەبێت ئەمانە کوڕی لێپرسراوی وەکو تۆ بن. ئەمە کەمتەرخەمییەکەمانە.

باشە ئێمە کەمتەرخەم بووین، پۆخڵەواتمان هەبووە وەکو دەزگایەکی حزبی سەروتر سزامان دەدا. دەپرسم هەموو دامودەزگاکانی تر بێ کێشەیە رێک و پێکن ئیشەکانیان کەمتەرخەمی تێدا نییە ئەی ئەو هەموو گلەیی و ناڕەزاییە لە کێ دەکرێت؟ ئەی تەکەتول بازی و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی لەناو دەزگاکاندا بوونی نییە؟ خۆزگە وا دەبوو هەموو کێشە و گیروگرفتەکان تەنیا لەسەر من کۆ دەبوونەوە یەک کێشە لەناو دامودەزگاکانی تردا نەدەبوو.

**باشە ئەگەر رونتر پێم بڵێی بۆچی وازت لە پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هێنا لەکاتێکدا بەپێی قسەکانت بێت ئیشی باشت کردووە؟**

زووتر ئاماژەم پێداوە خۆ شێت نەبووم، خۆ بۆ ئەوە نەبووە بچمە حزبێکی ترەوە هەڵسوکەوتوو سیناریۆیەکی ئاوها. لەناو

ئەنجومەنەکەدا و هاندان و پەکخستنی ئیشوکارەکان و داوا شەخسییە بێماناکان وایان لێکردووم واز لە سکرتێری ئەنجومەن بهێنم و وەکو ئەندامێک بمێنمەوە، بەڵام دوایی ئەوەندە دووڕوویی و کاری نابەجێیم لە ئەنجومەنەکە و دەرەوەشدا بینی لەوکاتە ناخۆشەی لە ماڵەوە بەسەرماندا هات و برادەرانی سەرکردایەتی خۆیان لێ گێل کرد، ئیتر لەوە زیاتر بۆ وەفایم پێ قبوڵ نەکرا و بەیەکجاری وازمهێنا. چەند هەڵسوکەوت و بێ ڕێزیەک لەو ڕۆژانەدا ڕوویاندا لەم چاوپێکەوتنەدا باسیان ناکەم.

- مام جەلال مامۆستا و سیمبوڵی بەرخودان بوو

# یەکەمەکانی ژیان

## چۆن پێناسەی ئەو قۆناغە زۆرەی تەمەنت دەکەیت لەناو یەکێتی و لە کۆڕی خەباتی کوردایەتیدا؟

شۆڕشی نوێ لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە دەستیپێکردووە، پێش ئەوە پارتی لە مەیداندا بوو سەرکردایەتی شۆڕشی پێشووی دەکرد. ئێمە کۆمەڵە بووین لە هەوڵی چەپایەتیدا بووین و سەرنج و تێبینیمان لەسەر پارتی کەم نەبوون. ئەوان رێگەیان بە بیری جیاواز و سەردەمیانە نەدەدا. بۆیە کۆمەڵە بەدزییەوە کاریدەکرد و پارتی سەرنجی لەسەر کۆمەڵێکمان هەبوو. کە شۆڕشی نوێ هاتە مەیدانەوە زۆربەی ئەوانەی ئاگاداری وەزعەکە بووین هەر لە سەرەتاوە وازمان لە شار هێنا وroومان کردە شاخ بەو مانایە نا حەزمان لە شار نەبێت و دەربەدەری شاخ بین، بەڵکو بەو مانایەی لە شار بەعسییەکان و دەسەڵاتدارن و ئامادەی وەڵامدانەوەی کوردی تەنیا بە پەتی سێدارە و چوونیان بۆ مەیسەر بێت دژایەتی و لەناوبردنیان بە ئەرکی گرنگی خۆیان دەزانی، ئەی ئەگەر بەو بیروباوەڕە و دوژمنایەتی کردنە بە پەرچدانەوەمان نەبێت و وڵات و نەتەوەکەمان نەپارێزین دەبێت کارەساتەکان بگەنە چی قۆناغێک؟

لەبەر ئەمانە ئەرکی سەرشانمان وای لێکردین خەباتی شاخ بە گونجاوتر بزانین بۆ ئەوانەی لەناو شار نەتوانن درێژە بە خەبات و چالاکییەکانیان بدەن. کە ئەو شێوازە بووە هۆکارێک بۆ گەشەکردن و پاراستنی خەباتی رێکخستنەکانی شاریش. بە لێبوردن و ورە بەرزی و شارەزایی و هاوکاری یەکتر و گوێگرتن لە رێنماییە گونجاوەکان و تێکەڵاوی لەگەڵ

جەماوەرە ستەمدیدەکەی کوردستان و بەخۆداچوونەوە و ڕێزگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانەوە قۆناغە سەخت و دژوارەکان یەک لەدوای یەک دەبڕی و ئەرکەکانمان دڵسۆزانە ئەنجام دەدا ئەو تەمەنەی ئێوە باسی لێوە دەکەن بە ئەرکی سەرشانمان دەزانی لەڕێگەی (ی.ن.ک)ەوە ببەخشین بە میللەتەکەمان.

لێرەدا ماوەی ئەوەمان بۆ نەڕەخساوە باسی دژواری و کوێرەوەرییەکانی بڕینی ڕێگەکانی ئەو چەند ساڵە بکەین، هەندێکمان سەرەڕای ئەوەی لە دەیان ڕێکەوتەی شەهیدبوون گەڕاوینەتەوە ئێستا بەرەو ماڵئاوایی هەنگاو دەنێین لە جیاتی ئەوەی ئەو پرسیارانەی دەربارەی خۆمان لێمان دەکەن، حەق وایە لە (ی.ن.ک) بکرێت کە ئەو پێناسەیەتان بۆ بکەن و ڕونبکرێتەوە کە ئایا ئەم وەزعە بە تەنیا چەند کەسێک هێنایانە پێشەوە: ئەم تەمەن بەخشین و بڕینی ئەم هەموو ڕێگە پڕ لە دڕک و داڵە چۆن ئەنجامدرا و هەر بەخەونەوە بوو! هەنگاو بە هەنگاوی ئەو بوارە بۆ سوور هەڵگەڕاوە و ڕێبوارە کۆڵ هەڵگرتووەکانیش لەکاتی تینوەتیدا بیر دەکەنەوە و بۆ شکاندنی ئەو تینوێتییە هەر ئامادەن و ڕێگەکە سوورتر دەکەنەوە.

## دەربارەی ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستان و دەوری یەکێتی لە بیناکردنیدا چی دەڵێیت؟

من ئێستا دوورم لە (ی.ن.ک) و بەشێک لە دەستڕۆیشتووەکان و تازە پێدا کەوتووەکان و مشەخۆرەکان بەتەنگەوە نەهاتووەکان و داخ لە دڵەکان وایان لێکردم ناڵێم خەرمانێک ئەو مەڵۆ

خەبات و ماندووبوونەم ئاگر تێبەردەم، بەڵام راستییەکان لەوە زیاتر نابێ بشاردرێنەوە و بەشێک لەو تەنگ و چەڵەمانەی دەهاتنە رێگەم راشکاوانەی هەڵسوکەوتەکانم بوون کە هەرگیز لەو شێوازە پەشیمان نیم.

لە سەرەتای حوکمڕانی کوردستانەوە کێشە لەدوای کێشە دروست دەبێت جاری وا هەیە بە ئەنقەست ئەو کێشانە سەر هەڵدەدەن و تەنیا بۆ مەرامی تایبەتییە. هەر لایەنە و بەلای خۆیدا دەرکەوتنەکان و بەرژەوەندییەکان کێش دەکەن. من حوکمڕانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێم دیوە و تیایاندا ژیاوم. لە شۆڕشی ئەیلولدا تازە کرابوومە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن لەسەر بۆچوونی جیاواز لەجیاتی پیرۆزبایی لێکردنم لە بەندیخانە توندکرام. لە شۆڕشی نوێدا بەعسییەکان دەستیانکرد بە دژایەتی شیوعییەکان و هاتنە دەرەوە (ی.ن.ک) پێشوازی گەرمی لێکردن و هاوکاری کردن کە ئاشکرایە بیرکردنەوەکانیان جیاواز بوو لەگەڵ یەکێتیی، لە شۆڕشی ئەیلولدا تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات لە سلێمانی تیرۆر دەکران (قادر شەریف) لە مزگەوتێکی سلێمانی لەکاتی دەست بە ئاو گەیشتندا شەهیدکرا. چەند تێکۆشەرێکی تریان شەهیدکردن و تەسلیم بە رژێمی شای ئێران کرانەوە. لە شۆڕشی تازەدا هاوکاری تێکۆشەرانی کوردەکانی تورکیا دەکراو پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆنی کوردانی ئێران دەکرا. لە شۆڕشی ئەیلولدا ماوە بە هیچ حزبێک نەدەدرا چالاکی بنوێنێت، ئێمە کۆمەڵە بووین رێگەی سەرهەڵدانمان نەدەدرا. (ی.ن.ک) بە بیری جیاواز و سێ رێکخستنی جیاوازەوە هاتە مەیدانەوە، هەموو وا پەروەردە کراین و بیرمان دەکردەوە کە ئەم کوردستانە بە تەنیا تاپۆ نەکراوە لەسەر (ی.ن.ک) بیری

جیاواز لێکدانەوەی جیاواز حزبی تری هێناوەتە بەرهەم و حەقی خۆیانە و هاوکاری دەکران.

لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان یەکێتی هەوڵیدا بیروڕای جیاوازو حزبی جیاواز بێنە پەرلەمانەوە، بۆیە لە لیستەکەی خۆیدا حزبی زەحمەتکێشانی کردە هاوبەش و چەند ئەندامێکیان لەسەر لیستی سەوز بوونە ئەندامی پەرلەمان و وەزیرێکیشیان دانێ لە ناو لیستەکەیدا بێ لایەنی تێدابوو. ئەمانە و زۆر هەڵوێستی تریش ئەوە دەسەلمێنن کە (ی.ن.ک) لە سەرەتای دامەزراندنییەوە باوەڕی بە حزبی تریش هەبووە و هاوکاری کردوون و لەسەر ئەو بەرنامەیە پێیداگرتووە هەموو هاوبەشن لە حکومڕانیدا و بەقەناعەتەوە ئەم بۆچوونەی هێناوەتە بواری جێبەجێکردنەوە بەشێوەیەک کە زۆرجار جەماوەرەکەی دۆستەکانیشی گلەییان لەوە کردووە کە چۆن یەکێتیی ئەوەندە لێیان دەچێتە پێشەوە بەشێک لە مافەکانی خۆی بەوان دەسپێرێت. لەم بیرکردنەوەیەدا بەڕێز مام جەلال دەوری تایبەتی هەبووە و هاوکاریان بووە و جەماوەرەکەی بۆ ئەم مەبەستە هانداوە.

بۆ بیناکردنی حکومڕانییەکەش هەر لە سەرەتاوە یەکێتی هەوڵی چەسپاندن و سەقامگیری و فەرمۆش نەکردنی بۆ داون. لەو شوێنەی دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بەهێز بووبێت ئەزموونی حکومڕانیەکە بەرەوپێشتر چووە و هەوڵی ئارامی و سەقامگیری یاساکان بەجددی دراوە. ئەوەندەی لەبەرچاوە یەکێتیی نەیویستووە دەستبخرێتە ناو ئیشەکانی حکومەتەوە و هەریەکە و بەگوێرەی رێنماییەکان هەستاون بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان. ئەمانە هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە یەکێتی هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی حکومڕانییەکی تەندروستدا بووە لەو ماوەیەدا

سەرەڕای ئەو هەموو کێشە و گرفتانەی ڕۆژانە سەرهەڵدەدەن یەکێتی لە هەوڵی خۆیدا بووە بۆ سەرکەوتن و چەسپاندنی حکومڕانییەکە. دیارە کێشە و ڕێگرییەکانیش کەم نین و هەر ڕۆژە و بیانوویەک دێتە پێشەوە و لە هەوڵی ئارامبوونەوە و چارەسەری گرفتەکاندان.

ئەم بۆچوونەی من ناکاتە ئەوەی کە ئیتر (ی.ن.ک) هەڵەی نییە و شێوازی دیموکراسییەکەی تەنگی بە وڵاتە دیموکراتخوازەکانی ئەوروپاش هەڵچنیبێ، نا ناتەواوی زۆر بووە بەڵام ئەمە شێوازێکی تازە بوو بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی شۆڕشی پێشوو و جیاوازییەکان تەواو زۆر بوون ئەگەر ناتەباییەکانی ناوخۆی ئەو حزبە و سەپاندنی هەندێک مەرامی خۆپەرستی نەبووایە و لە جیاتی شەڕی ناوخۆ هەموو لایەک لەو بوارەدا ئاوا بیریان بکردایەتەوە هەم بۆچوونەکانی (ی.ن.ک) زیاتر گەشەیان دەکرد و هەم بە هەموو لایەکەوە لەو بوارەدا سەرکەوتووتر دەبووین، دەنا دەزانم جاری وا هەبوو وەزعەکە ئەو حزبەشی بۆ خۆسەپاندن رادەکێشا و خەڵکی بێزار دەبوون.

## بەپێی هەندێک لە قسەکانت بێت دروشمەکانی یەکێتی فەرامشکراون یان چی؟

(ی.ن.ک) لە هەلومەرجێکدا سەریهەڵدا و هاتە مەیدانی خەباتەوە کورد تووشی نائومێدی کرابوو، پێشتر کورد دڵی بە شۆڕشێک خۆشکرابوو هەموو لە دەوری کۆببوونەوە و گیانبازیان دەکرد کە خاوەنی توانایەکی باشبوو کەچی لە ناکاو سەنگەر چۆڵکراو بێ سەروبەرەییەک روویدا مەگەر هەر سەرکردەیەک و کەسایەتییەکی بەتوانای وەکو مام جەلال و

ڕێکخستنێکی وەکو کۆمەڵە و چەند کەسایەتییەکی دڵسۆز و بە توانا و دامەزرێنەرانی ئەو سەردەمەی (بزووتنەوە) کە دواتر بووە شۆڕشگێڕان بیریان لەوە کردبێتەوە لەو ڕۆژگارە سەختەدا خۆیان ڕێکبخەن و سەنگەر ئاوەدانکەنەوە و لەجێگەی ئەو نائومێدییە هیوایەکی ئەوتۆ بچێنن کە کورد زیاتر پشت بەخۆی ببەستێت و سەنگەری تازەتر و داواکاری زیاتر و بەرنامەی تۆکمەتر و خوێندنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان سەردەمیانە جێگەی ئەو نائومێدیە بگرنەوە و بۆ ئاسانترکردنی گشتگیری خەبات و کەڵک وەرگرتن لە شێوازی کۆن و قۆرخکردنی مەیدان و ڕێگە نەدان بە بیروڕا جیاوازەکان، (ی.ن.ک) بە سێ بۆچوون و بیری جیاوازەوە هاتە پێشەوە و ڕێگەی بۆ لایەنەکانی تریش خۆشکرد. هەر لە سەرەتاوە بێجگە لەوەی دوژمن چەندین پیلانی بۆ هەڵوەشاندنەوە و لا خستنی یەکێتیی دادەڕشت پیلانی ناوخۆیش کاریگەری هەبوو، ماندووتری دەکرد، بەڵام لەبەر باوەڕ بەخۆبوون و گونجاوی دروشمەکانی لە سەردەمەکاندا نەیانتوانی ئەو مەرامە نەخوازراوانەیان بەدیبهێنن و بەپێچەوانەوە هەر لە گەشەکردندا بوو. بەداخەوە ئەگەر سەرهەڵدانی ناکۆکی و لە خۆگۆڕان و تەکەتولە نابەجێکانی ناوخۆی نەبوایە، ئەوا یەکێتی بەهێزتر و کاراتر دەبوو دروشمەکانیشی زیاتر جێگەی خۆیان دەگرت. دروشمێک ئەگەر لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێ و بێتەوە فەرامۆشکردنی ئەستەمە.

کاتی خۆی لە سەرەتای هەڵبژاردنی یەکەم وەجبەی پەرلەماندا بەربەرەکانی سیستمی فیدراڵی دەکراو ئۆتۆنۆمی بە پەسند دەزانرا پاش ماوەیەک پارتیش هاتە سەر ئەو بڕوایە و فیدراڵی جێگیر کرا. لەبەر ئەمانە دروشمە گونجاوەکان لەکاتی

خۆیدا هەر جێگەی خۆیان دەگرن. دەبێت ئەوەشمان لەلا روون بێت هەموو دروشمێک و هەموو بڕیارێک بە تەنیا هەر لەلای پارتی و یەکێتی نییە و ئەو زەمانە بەسەرچووە، بۆیە دەبێت خوێندنەوە بۆ بۆچوونی لایەنەکانی تر بابەتیانە بێت و گونجاندن لە فەرمانڕەواییدا لە بەرژەوەندی کوردایە و کورد گەورەترە لە هەموو حزبەکان نەک تەنیا حزبێک.

## چۆن لە کەسێتی جەنابی مام جەلال دەڕوانیت؟

نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، هەرچی دەربارەی گرنگی و پێویستی ئەو سەرکردەیە بڵێم کەمە و بە من نانرخێندرێت. ساڵی ١٩٦٢ بەهێزێکەوە هاتە سەر پێنجوێن و دوای چەند رۆژێک مەرکەزی پێنجوێن گیرا، ١٨٣ پۆلیسی تێدا بوو، پۆلیسی وایان تێدابوو هەتا مردنیش هەر رقی لە کورد بوو. پێنجوێن چەند رۆژێک چۆڵبوو خەڵک بە سەڵتماڵیان بەجێهێشتبوو. ئەو ماوەیە یەک کێشە نەبوو، پێنجوێن و دەوروبەرەکەی زۆر ئارام بوون، خەڵکەکە ئەوەندە رازیبوون ئەو ساڵە ناونرا (ساڵەکەی مام جەلال) ئەی ئەگەر ئەمە توانا و لێهاتوویی نەبێت چییە؟ ئەو دەستپێشخەرییەی لەدوای کارەساتی نەمانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ دا کردی بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و بەرگری لە مافەکانی کورد کەی هەروا ئاسانبوو؟ زۆرجار پێشمەرگە ئەوەندە ماندوو بوون و برسیەتی و سەرما و سۆڵە و دڕندەیی زۆری بۆ دەهێنان نیازی شکان و پاشەکشەیان هەبوو کە ئەو دەردەکەوت ورەیان بەرز دەبووەوە و بەرگریان دەکرد.

لەڕووی سیاسی و پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە توانا و کاریگەرییەکانی لە ئەژمارکردن نایەن. لە عێراقدا کارکردنی، ئیدارەدانی، گونجاندنی، کەسایەتی با لە کورد نا لە عەرەب و لە نەتەوەکانی تر پرسیار بکرێت.

بەداخەوە لەم کاتەدا نەخۆشییەکەی، ئامادەنەبوونی زیانەکانی دیارن لە بەغدا، لە کوردستان، لەناو (ی.ن.ک) و هەر ئەوەندە دەڵێم..

## نزیکترین هاوڕێت کێیە؟

ئەم پرسیارە قورسە، خۆزگە لەم پرسیارانەدا تەرکیان تێدا دەبوو و منیش ئەمەم تەرک دەکرد. کە لێپرسراوبووم هاوڕێم زۆربوون هەبوو دەیوت لەبەر تۆ یەکێتیم. کە ئاڵای شۆڕش جیابوونەوە هاوڕێم هەبوو لێم دوور دەکەوتەوە بۆ هاوکاری مەلا بەختیار دەکەم. هاوڕێم هەبوو لە چۆخماخ سەرنجی ماڵەکەی دەدام. هاوڕێم هەبوو لە تەنگانەدا برابووین کە ئەو سەرکەوت و دەسەڵاتی پەیداکرد لە سەرەتان و زمان گیرانیشدا نەبایان دیوە نە بۆران، هاوڕێی سەرەتای ساڵەکانی شۆڕش و ناوەڕاستم هەیە لەو سیناریۆیەی ئەنجومەنی ناوەندا هەر پرسیاری نەکرد بگرە ئاڵۆزیشی دروستکرد. ئەمە ناکاتە ئەوەی هیچ هاوڕێیەکم نەبێت دەترسم ناوی بهێنم و لەپاشدا یەکێکمان وا دەرنەچین دەنا هاوڕێی وەکو بەڕێز حەمە سەعیدی حاجی حەمە کەریمم هەیە کە دووجار دەستی لە ئیشەکانی هەڵگرتووە و لەگەڵ خۆم و کافەی خێزانم هاتووە بۆ ئەڵمانیا بۆ لای دکتۆر و چارەی نەخۆشییەکانمان کە بۆ ئەڵمانیا بەبێ ئیشوکار هەروا ئاسان نییە. لە ئەڵمانیا لەو بارودۆخە دەروونییەدا سەرکردایەتی

(ی.ن.ک) تەلەفۆنیان بۆ نەکردین جگە لە کاک شۆڕش ئیسماعیل کە لەو کاتەدا زۆریان سەردانی بەڕێز مام جەلالیان دەکرد هەر لەو کاتەدا بەڕێز کاکە حەمەی حاجی مەحمود و مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی تەلەفۆنیان بۆ کاک حەمە سەعید دەکرد و سوپاسیان دەکرد و دەیانوت بەم کارەت هەموومانت مەمنون کرد و ئەمە خزمەتی کوردایەتییە. کاک فریاد فازیل دەستی لە کارەکانی هەڵ دەگرت و بە دەممانەوە بوو.

### ئاواتی گەورەت چییە؟

ئاواتی هەرە گەورەم بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان و تەبایی و بەویژدانی لێپرسراوە باڵاکان و بەرهەمهێنانی سیستمێکی دیموکراسییە.

کێ بە مامۆستای خۆت دەزانیت؟

لە ساڵانی خوێندندا مامۆستام زۆر بوون ئێستاش لەبیرمن و هەندێکیان هەر بە مامۆستای خۆم دەزانم و کە دەیانبینم شەرمیان لێدەکەم و ڕێزیان لێدەگرم.

ئێستا بەشانازییەوە جەنابی مام جەلال مامۆستای هەرە مەزنمە و ئەگەر ناشلێین بووە بە گۆڕان کاک نەوشیروانیش سەرەڕای تورەبوونەکانی لە زەمانی ئالای شۆڕشدا هەر مامۆستام بووە. ئێستا کاک مولازم عومەر و دلێری سەید مەجید دەزانن ئەو توورەبوونانە چۆن و لەسەرچی بوون.

### لەچی پەشیمانی؟

نازانم مەبەستتان چییە، کام بوارەی ژیان دەڵێین؟ ئەگەر مەبەستتان لە بوارەکانی سیاسی و شۆڕش و یەکێتییە ئەوا

سەرەڕای ئەو هەموو ناتەواوی و گێرە و کێشە و ناڕەواییانە لێی پەشیمان نیم.

**شانازی بەچییەوە دەکەیت ؟**

شانازی بەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەوەمەوە دەکەم کە لەپێناوی کورد و دژایەتی دوژمناندا بەگوێرەی تواناکانم ئەنجاممداون. شانازی بە خوالێخۆشبوو کافەی خێزانم و سەرجەم منداڵەکان و ئەو کەسوکارانەشم کە هاوکار و یارمەتیدەرم بوون بۆ برەودان بە خەبات و بەجێهێنانی ئەرکەکانم. چۆن شانازی بە بەڕێزی وەکو مەجید سەلیم و رەحیم موبرەییەوە نەکەم کە بە ئاشکرا دەبوونە هاوکارم بۆ کەمبوونەوەی گیروگرفتەکانم و ئاسانکاری ئیشوکارەکانم و پاراستنی منداڵەکانم کە لەو پێناوەدا کاک مەجید ماڵ و منداڵی تووشی زیندانیکردن و زەرەر و زیان بوون.


بۆ شانازی بە شەهید مەلا حسێنی هاربڕی و مامۆستا ئەحمەد حاجی حەمە عزیزەوە نەکەم کە هەردووکیان تاکۆتایی تەمەنیان ئاگاداری منداڵەکانم بوون.

**بەنیازیت بیرەوەرییەکانت بنووسیتەوە؟**

بەڵێ دەستمپێکردووە هەرچەندە درەنگە، بەڵام زۆریان هاندام و ئێستا خەریکم و داواش دەکەم ئەو کەسانەی ئاگاداری بەسەرهاتەکانمن بیرم بخەنەوە و سوپاسیان دەکەم و زۆر کەس هەن دەتوانن هاوکاریم بکەن لەبیرخستنەوە و دیاریکردنی مێژووەکانیدا.

# ئەلبومی وێنەکان







































## سوپاسنامه

لە ئامادەکردنی ئەم چاوپێکەوتنەدا هـــاوڕێی زۆر بـــەڕێزم (جەمیلە شێخ مەحمود) هاوکاری زۆر کردووم و وەکو من پێوەی ماندوو بووە، تا ئەو رادەیەی بێ هاوکاری ئەو رەنگە ئەو چاوپێکەوتنە سازنەکرایە. لەم دەرفەتەدا سوپاسگوزاری خۆمی بۆ دەردەبڕم و هاوکاریکردنی بەرز دەنرخێنم، هەروەک چۆن بەردەوام چاوەڕێی هاوکاری زیاتری لێدەکەم.